Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.025-01-01-SC- 18

# ڕێبازە ستراتیژییەکان بۆ بەکارهێنانەوە و دووبارە دارشتنەوەی بینا کەلەپوورییەکان (بە پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان کۆن و نوێ)

محمد حەمەغەریب محمد[1] ، ئاراس ئیسماعیل خضر[2]، هاوکار احمد عبدالرحمن[3]

١- بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان-عێراق
٢ - زانکۆی بەیان، سەرۆکایەتی زانکۆ، هەرێمی کوردستان-عێراق
٣- بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان-عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | April 2025 |
| Accepted | May 2025 |
| Published: | August 2025 |

**Keywords**

بەکارهێنانەوە و گونجاندن، دارشتنەوە، بینای کەلەپووری، بەردەوامی، پاراستن

**Corresponding Author**

muhammad.muhammad@su.edu.krd

**پوختە:**

دووبارە دارشتنەوە و بەکارهێنانەوەی بینا کەلەپوورەییەکان بووەتە ستراتیژییەتێکی گرنگ لە پاراستنی بەردەوامی بینا نەریتییەکان، کە ئامانج لێی بریتییە لە راگرتنی هاوسەنگی لەنێوان بە مۆدێرنیزەکردنی بیناکان لە پێناو دابینکردنی پێداویستییە سەردەمییەکان بە پارێزگاریکردن و ڕێزگرتن لە بەها مێژوویی و کەلەپوورییەکان. ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوە لە ڕێبازە ستراتیژییەکان دەکات بۆ دووبارە بەکارهێنانەوە و دیزاینکردنەوەی بینا کەلەپوورییەکان، دڵنیابوون لە مانەوە و بەردەوام بوونیان لە کاتێکدا پارێزگاری لە گرنگییە مێژوویی و کەلەپوورییەکانی دەکات. بە تێکەڵکردنی ڕێبازە جیاوازەکانی پاراستن، دووبارە بەکارهێنانەوە و خۆگونجاندن نەک تەنها کاریگەرییە ژینگەییەکان کەم دەکاتەوە بە کەمکردنەوەی پاشماوەکانی بیناسازی و پاراستنی سەرچاوەکان، بەڵکو کۆمەڵگەکانیش زیندوو دەکاتەوە بە پێدانی ژیانێکی نوێ بۆ پێکهاتە مێژووییەکان. لەسەر بنەمای هەستکردن بە گرنگی شوێنەوار و کەلەپوور وەک ناسنامەیەکی نەتەوەیی، بە تایبەتی خانووە کەلەپوورییەکان، توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر ستراتیژییەتی دووبارە بەکارهێنانەوە و گونجاندن وەک ڕێبازێک بۆ بەردەوامبوون لە بەکارهێنانی خانووە کەلەپوورییەکان و جەخت دەکاتەوە لەسەر شیکردنەوەی کاریگەری پاراستنی خانووە کەلەپوورییەکان و ئاماژەدان بە پێوەرەکانی بەکارهێنانەوە و دووبارە دارشتنەوەی سەرکەوتوانەی بینا کەلەپوورییەکان.

**پێشەکی:**

بەکارهێنانەوە و دووبارە دارِشتنەوەی خانووە کەلەپووری و مێژووییەکان بۆ پیدانی ئەرکێکی نوێ بابەتێکی نوێ نیە، بەڵکو بیرۆکەی دووبارە بەکارهینانەوە و گونجاندنیان لەگەڵ پێداویستی سەردەم بە شێوەیەکی تیۆری رەگ و ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدە (Plevoets and Cleempoel, 2011: 156). ئەم ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بە رێبازێکی جێگرەوە دەدات لە کرداری پاراستن و نۆژەنکردنەوە بۆ دووبارە بەکارهینانەوەی جۆرە جیاوازەکانی بینا مێژوویی و کەلەپوریەکان بە رەچاوکردنی رێبازە ستراتیجییە جیاوازەکان. ئەم بابەتە نەک تەنها بابەتێکی تەواوکارییە لە پرۆسەی نۆژەنکردنەوە و پاراستنی جێماوە مێژوویی و کەلەپوورییەکان، بەڵکو هەوڵی دەرخستنی بایەخی مێژوویی خانوە کەلەپوریەکان دەدات لە رێگەی تایبەتمەندییە بیناسازییەکان و ئەو مەبەستە رەسەنەی کە بۆی دیزاین کراوە بە پاراستنی رۆحی شوێنەکە، کە زۆرجار ون دەبێت لە پرۆسەی خۆگونجاندن و دوبارە بەکارهێنانەوە بە لەبەرچاوگرتنی مانای شوێن کە لە رێگەی دەربڕینی تەلارسازییەوە دەگەیەنرێت.

ستراتیژیەتی بەکارهێنانەوە بە شێوەیەکی کاریگەر بۆ زۆر جۆری خانووی مێژووی و کەلەپوری لە سەرانسەری جیهاندا بەکارهێنراوە. ئەمە وەک کلیلی ستراتیژی حکومەت بۆ پەرەپێدانی بەردەوام لە ئەمریکا و کەنەدا و هۆنگ کۆنگ و باکوری ئەفریقا و ئوسترالیا سەیر دەکرێت( Langston, et al., 2008: 1712). بە پێی ئەو هەڵسەنگاندنانەی ئەنجام دراون نزیکەی ٪٧٠ی بیناکانی ئەمرۆ بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ دەمێننەوە، بەم شێوەیە زیندووکردنەوە و نوێکردنەوەی پێداویستییەکانی ئێستا و داهاتوو دەبێت ببێتە ناوەندی کردارە بەردەوامەکانمان. بەم شێوەیە، شێوازی دروست بۆ بەرێوەبردنی پێکهاتە مێژووییەکان دەتوانێت بریتی بێت لە کرداری دووبارە بەکارهێنانەوە و خۆ گونجاندن وەک ستراتیژێکی بەدیل بۆ پاراستنی شوێنە مێژوویی و کەلەپووریەکان. دووبارە بەکارهێنانەوە لێرەدا بریتییە لە چالاککردن یان پڕکردنەوەی پێکهاتەیەکی مێژوویی دێرین و پێدانی ئەرکێکی نوێ و جیاواز لەو ئەرکەی کە لە سەرەتادا بۆی دروستکراوە(Gewirtzman, 2016: 1). لەم خاڵەدا، لە کاتێکدا پێکهاتەیەک دووبارە بەکاردەهێنرێتەوە، گرنگترین پێوەرەکان بریتیە لە پێکهاتە رەسەنەکەی و پەیوەندی نێوان کۆن و نوێ.

ئەوە شتێکی ئاساییە، بەکارهێنانی خانوەکان لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیاندا کۆتاییان پێدێت، بەتایبەتی کاتێک خانوەکان دیزاین کراون بۆ سەردەمێکی دیاریکراو. زۆربەی خانوەکان بەردەوام نابن لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی کە لەسەرەتادا بۆی دیزاین کراون. ئەمەش تارادەیەکی زۆر دەگەرێتەوە بۆ پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیای پیشەسازی و تێچووی زۆری چاککردنەوە، جگە لە هۆکارە داراییەکان، بۆیە ئەم پێکهاتانە چۆڵ و بەتاڵ ئەبن. دووبارە بەکارهێنانەوە و خۆگونجاندن ستراتیجییەکی تەلارسازییە کە رێگە بە کۆمەڵگا دەدات خانووە کۆنەکان بپارێزێت لە رێگەی نوێکردنەوە یان گونجاندنیان بۆ بەکارهێنانێکی نوێ یان مەبەستێکی نوێ. ئەم رێبازە رێگە بە تەلارسازان دەدات کە پێداویستییەکانی ئێستا پڕبکەنەوە و رۆڵێکی سەرەکی ببینن لە بەردەوامبوون و باشترکردنی کۆمەڵگە ناوخۆییەکان(Shahi, et al., 2023: 3-4).

توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر رێبازە سەرەکییەکانی پەیوەست بە رێبازە سترتیجییەکانی بەکارهینانەوە و دووبارە دارشتنەوەی بینا کەلەپوورییەکان، لەوانەش رێبازی جۆری (typological approach)، رێبازی تەکنیکی (technical approach) و رێبازی ستراتیژی (strategic approach)، بە مەبەستی رێنماییکردنی دەستێوەردانەکان کە رێز لە گرنگی کولتووری، مێژوویی و تەلارسازی بیناکان دەگرن. ئەم رێبازانە جەخت لەسەر کەمترین دەستێوەردان دەکەنەوە بە دڵنیابوون لە پارێزگاریکردن لە بەها کەلەپوورییەکان و گونجاندنیان لەگەڵ ئەرکە نوێیەکانیان، بەمەش هاوسەنگی لە نێوان پاراستن و داهێناندا درووست دەکات. لە هەمانکاتدا ئاماژە بە هەندێک لە پێوەرەکانی بەکارهێنانەوەی سەرکەوتوو دەدات لە گەڵ رۆڵی توخمە بیناسازییەکان و کاریگەریان لەسەر پرۆسەی دارشتنەوە و بەکارهێنانەوەی خانووە کەلەپوورییەکان.

گرنگی ئەم بابەتە خۆی لەوەدا ئەبینێتەوە کار لەسەر پاراستنی بەشێکی گرنگ لە پیکهاتەی ناسنامەی نەتەوەیی دەکات کە لە رابردوو لە ئێستادا جێی گرنگی پێدان بوون لەسەر ئاستی جیهانی، ئەویش بریتییە لە بینا مێژویی و کەلەپوورییەکان بە دەستنیشانکردنی بەدیلێکی جێگرەوەی تەندروست وەک سیاسەتی دوبارە بەکارهێنانەوە بە پێدانی ئەرکێکی نوێ بگونجێت لەگەڵ پێکهاتەی رەسەنی بیناکە.

لە کۆتاییدا، ئەم توێژینەوەیە جەخت لەسەر توانای گۆڕانکاری دووبارە بەکارهێنانەوە و دیزاینکردنەوە دەکات وەک رێبازێکی پاراستنی بەردەوام. ئەم ستراتیژیانە نەک هەر بینا کەلەپوورییەکان وەک شوێنەوارێکی مێژوویی دەپارێزن بەڵکو وەک فەزای زیندوو و کارایان دەکاتەوە کە خزمەت بە پێداویستییە پەرەسەندووەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ دەکەن و لە هەمان کاتدا گرنگی کولتووری خۆیان بۆ نەوەکانی داهاتوو دەپارێزن.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا سوودمان لە مێتۆدی وەسفی و شیکاری بینیوە پاڵپشت بە نموونەی کەیس ستادی.

**ئامانج و مەودای توێژینەوەکە: ئامانج لە هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە تیشک خستنەسەر پاراستنی خانووە کەلەپوریەکان بە دەستنیشانکردنی میکانیزمێکی گونجاو و کاریگەر بە بەکارهێنانی سیاسەتی دووبارە بەکارهێنانەوەی خانووەکان بە پێدانی ئەرکێکی نوێ بەو بینایانە بەمەبەستی درێژکردنەوەی تەمەنیان و بەردەوامی دان بە ژیانیان وەک ناسنامەیەکی نەتەوەیی. لە هەمانکاتتدا، زیندوو هێشتنەوەی ئەو پێکهاتە فیزیکییەی کە پێی دەوترێت بیناسازی ناوچەیی. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕوونکردنەوە و ئاشکراکردنی ئەوەی کە چ کردارێک یان مێتۆدێک گونجاوە بۆ بەکارهێنانی زانیارییەکان لە پێناسەکردنی بنەماکانی دیزاینکردنی ستراتیژیەتێکی سەرکەوتوو لە تەببەنی کردن و دابینکردنی ڕێبازێکی سیستماتیک لە پرۆسەی دووبارە بەکارهینانەوەی خانووە کلتووری و کەلەپووریەکان. هەروەها تێگەیشتن لە دووبارە بەکارهێنانەوە و خۆگونجاندن وەک چارەسەرێک بۆ پاراستنی خانووە کەلەپووریەکان لە ڕێگەی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ستراتیجییە کردارییەکان ئامانجێکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە بە مەبەستی دروستکردنی کۆمەڵێک ڕینمایی  بۆ توێژەرانی دیکە دەربارەی دووبارە بەکارهێنانەوەی بینا شوێنەواری و کەلەپووریەکان.**

### ١. پێشەکیەک لەسەر دووبارە دارشتنەوە و دیزاینکردنی (Remodeling) بینا کەلەپووریەکان

دانان بە پرۆسەی بەکارهێنانەوە و گوونجاندن وەک ڕێبازێکی تەلارسازی گونجاو هێشتا ئەوەندە نوێیە کە هێشتا ناونیشانێکی ورد بە تەواوی سەریهەڵنەداوە بەجۆرێک کە تا ئێستا خاوەنی پێناسەیەکی وورد و یەکانگیر نیە.  دەکرێت بڵێین دەستەواژەی بەکارهێنانەوە و گونجاندن، پەرەسەندن بێت بۆ زاراوەیەکی جێگیر بۆ بابەتەکە، بەڵام دەتوانرێت لە نێوان بژاردەکانی تردا ئاماژە بە مانای دەستەواژەکە بکرێت وەک: دارشتنەوە، تەلارسازی ناوەوە، نۆژەنکردنەوە، دووبارە بەکارهێنانەوەی بینا، جێگیرکردن، گۆڕین، گونجاندن، دووبارە کاراکردنەوە، یان، هەندێک جار، بە تایبەتی لە ئەمریکای باکوور، بە دووبارە ئامانجکردنەوە ناوی دەهێنرێت(Stone, 2023: 478).

بیناکان توانای مانەوەیان لە ژیان زیاترە، تەنانەت زیاتر لە تەمەنی شارستانیەتەکان. تەکنیکەکانی بیناسازی بەردەوام لە گۆڕاندان و گۆڕانکاریەکانیش یەک لەدوای یەک دەگوازنەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە تێیدا دەژین. بیناکان توانای پاراستنی بەها و یادەوەری ئەرکەکانی پێشوویان هەیە، هاوشێوەی گەڕەکە کەلەپووریەکانی شاری هەولێر وەک گەڕەکەکانی (عارەبان، تەعجیل و خانەقا). ئەو گەڕەکانە سەرەڕای تێپەڕینیان بە قۆناغە سەختەکانی گۆڕانکارییە ژینگەیی و هۆکارە مرۆییەکان تا ئێستا توانیویانە پارێزگاری لە بەها کەلەپووری و تەلارسازیە ناوچەییەکانی خۆیان بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا توانیویانە بەشێوەیەکی زیندوو پارێزگاری لە یادەوەریەکان بکەن. خەڵکی لە ئێستا و لەدوای تێپەڕینی چەندین دەیە لە چۆڵکرنی بەشێک لە خانووەکان و تێکچوون و ڕووخانی بەشێکیان، هێشتا بە تامەزرۆییەوە باس لە یادەوریەکانی منداڵی خۆیان لەو گەڕەکانەدا دەکەن. لە بەرواری ٢٠٢٣/١٠/٧، لە کاتی کارکردن لە یەک لە خانووە کەلەپووریەکانی شاری هەولێر بەمەبەستی تۆمارکردن و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی خانووەکە، بەردەوام خەڵکی بە تامەزرۆییەوە خۆیان بەناو خانووەکەدا ئەکرد و باسی ژیانی منداڵی و یادەوەریەکانی خۆیان لەو خانوە و گەڕەکەکەدا دەکرد.

خانووە کەلەپووریەکان دەتوانن ناسنامەی ئەو ئەرکەی کە پێشتر بۆی درووستکراون لە ناو پێکهاتەی خۆیاندا بهێڵنەوە، بۆنموونە، خانوویەکی نیشتەجێبوون دوای تێپەڕبوونی چەندین دەیە و چۆڵبوونیان دەتوانرێت بە پێی پێکهاتەکەی جۆری بەکارهێنانەکەی دەستنیشان بکرێت. لە دارشتنەوەی بینا کۆنەکاندا، کوالیتی ناوخۆیی لەگەڵ بەکارهێنانی نوێدا پێکەوە گرێ دەدرێن. ئەو جێماوانە توانای ئەوەیان هەیە کە ببنە پێکهاتەیەکی ئالۆزی فرەچەشن. ژمارەی ئەو خانووانەی دارشتنەوەیان بۆ دەکرێت، بەردەوام لە بەرزبوونەوەدایە، ئەمەش لەسەر بنەمای پاراستنی خانووەکان لە لەناوچوون (Amiri, 2020: 39).

بەگوێرەی ڕاسکین جەی، "بیناکانی ڕابردوو هی ئێمە نین، بەڵکو هی ئەوانەن کە دروستیان کردوون، بەشێکیشیان هی هەموو نەوەکانی مرۆڤایەتییە کە دوای ئێمە دەکەون". دارشتنەوە لە پیکهاتەی بیناکان، وەک پێشتر ئاماژەمان پێداوە بە کەمترین دەست تێوەردان ئەوەندەی کە بگونجێت لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ڕەسەنایەتی بیناکە، دەکرێت وەڵامێکی کردەیی و عەقڵانی بێت بۆ بەکارهێنانی بەردەام لە بیناکانی ئێستا. بەکارهێنان و بەکارهێنانەوەی بەردەوام بابەتێکن لەگەڵ دوو پێکهاتەی جیاواز بەڵام پێکەوە بەستراو. بیناکان دەتوانرێت بگونجێنرین یان بەکاربهێنرێنەوە بە بەکارهێنانی میتۆدەکانی بنیادنانی بەردەوام. شێوازی دیزاین و دارشتنەوە لە لایەن بیناکەوە دیاری دەکرێت، بەجۆریک کە ئەرکی دیزاین لێرەدا پەیوەستە بەوەی کە کام بەها لە بیناکەدا هەڵدەبژرێت بۆ ئەوەی کەم یان زۆر وەک گرنگ سەیر بکرێت. کرداری دارشتنەوە دەکرێت ئەنجام بدرێت لە هەردوو بەشی ناوەوە و دەرەوەی بیناکاندا(Cramer, 2012: 111). لە پرۆسەی دووبارە دارشتنەوە، کە لە هەندێک شوێن ناوی بە دووبارە بەکارهێنانەوە و گونجاندن، یان کاراکردنەوەی دیزاینی تەلارسازی ناوەوە دێت، لەوانەیە بیناکە بگوازرێتەوە بۆ قۆناغێکی نوێ لە ژێر کاریگەری زیادکردن یان ڕووخاندن (Elina, 2020: 40).

لە کۆتاییدا ئەکرێت ئاماژە بەوە بدرێت کە پرۆسەی دووبارە دارشتنەوەی بینا کەلەپووریەکان و کاراکردنەوەیان، پرۆسەیەکی ئالۆز و فرە ڕەهەندە کە هەوڵی ڕاگرتنی بالانسی نێوان پاراستنی گرنگی کولتووری لەگەڵ داواکارییەکانی بەکارهێنانی هاوچەرخ دەدات. بینا میراتییەکان، هاوشێوەی جێماوە شوێنەوارییەکانی تر، سەروەت و سامانێکی بەنرخن کە چیرۆکی تەلارسازی، مێژوویی و کولتووری کۆمەڵگایەک لەخۆدەگرن(Feilden, 2002: 1-3). پاراستنیان نەک تەنها بۆ پاراستنی پەیوەندییەکی بەرجەستە لەگەڵ ڕابردوودا گرنگە، بەڵکو بۆ پەروەردەکردن و هەستکردن بە ناسنامە و بەردەوامی لەناو کۆمەڵگاکاندا پێویستە(UNESCO, WHC, 2013). بەڵام گونجاندنی ئەم پێکهاتانە لەگەڵ پێداویستییە مۆدێرنەکان بەرنگارییەکی ناوازە دەخاتە ڕوو کە پێویستیان بە پلانی ورد و چارەسەری داهێنەرانە هەیە.

### ١,١ ڕێبازە تیۆرییەکان لە پرۆسەی بەکارهێنانەوە و گونجاندن

بەپێی زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکان، بەکارهێنانەوە و گونجاندن کاریگەرترین ستراتیژییە بۆ پاراستنی زۆربەی جۆرەکانی بینا. ئەو ڕاستییەی کە بینا کەلەپوورییەکان ئەگەر و دەرفەتی باش دەرەخسێنن بۆ بەکارهێنانەوە، ئەمە وایان لێدەکات ببن بە یەک لە باشترین بینا کەلەپوورییەکان. ئەمەش کارێکی ئاسان نابێت و پێویستی بە کەسانی داهینەر هەیە، چوونکە ئەم ڕێبازە فرە ڕەهەندە دەستپێدەکات بە بڕیاردان لە لایەن بەڵێندەرەکان، خاوەنەکان، بەکارهێنەر و لایەنە پەیوەندیدارەکان، دواتر شیکردنەوەی بەها کەلەپووری، مێژوویی، سیمبولی و تەلارسازی بیناکە لە کۆتاییدا هەڵسەنگاندن بۆ پێکهاتە تەکنیکی و تایبەتمەندییە ماددییەکان وەک کەرستەکان دەکرێت (Plevoets and Cleempoel, 2013: 6-8). هەندێک لە پسپۆڕانی بواری بەکارهێنانەوە و گونجاندن ڕێبازەکانی بەکارهێنانەوەیان دابەشکردووە بەسەر سێ ڕێباز یان تیۆردا، ئەوانیش؛ ڕیبازی جۆری یان چەشنی (typological approach)، ڕێبازی ستراتیجی (strategic approach)، لەگەڵ ڕێبازی تەکنیکی (technical approach) (Elina, 2020: 29).

بە گوێرەی بۆچوونی هەندێک لە توێژەران، بەکارهێنانەوە و گونجاندن پرۆسەیەکە بە شێوەیەکی بنەڕەتی پەیوەستە بە جۆر یان شێوەی بیناکەوە (Typological Approach). ئەم ڕێبازە کە وەک یەکەم مێتۆد لە بەکارهینانەوە باسی دەکەین جەخت لە جۆری بیناکە دەکاتەوە وەک فاکتەرێکی سەرەکی پێش بەکارهینانەوە و گونجاندن. بەجۆرێکی تر ئەم شێوازە لە بەکارهێنانەوەی بیناکان هەڵدەستێت بە پۆلێنکردنی بیناکان بەپێی ئەرکەکانیان پێش یان دوای ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکان. بە پشتبەستن بەم مێتۆدە، پێویستە بەکارهێنانەوە و خۆگونجاندنەکە جەختێکی بەهێز بکاتەوە لەسەر جۆری بیناکە بە پاراستنی کاراکتەرە ڕەسەنەکانی بیناکە ئەوەندەی کە دەگونجێت. بە واتایەکی تر، بەکارهێنانە نوێیەکان دەبێت ڕەنگدانەوەی ئەرکە ڕەسەنەکە بن یان تێیدا یەکبخرێن بەجۆرێک بگونجێت لەگەڵ جۆری بیناکە بە کەمترین دەست تێوەردان (Hasnain and Mohseni, 2018: 2). بۆ ئەم مەبەستەش، پێویست بە بیرکردنەوەیەکی قووڵ دەکات بۆ تێگەییشتن لە بەکارهێنانە نوێیەکە لەسەر بینا ڕەسەنەکە. بۆ دەرخستنی لایەنی گرنگی جۆری لە بیناکان و هەبوونی کاریگەری (Typology) لەسەر بڕیارەکانی بەکارهێنانەوە و گونجاندن نووسەری بابەتەکە چەندین نموونەی جیاوازی باس کردوە لە سەرانسەری جیهان (Plevoets and Cleempoel. 2013: 2). ئەو بینایانەی یاخود شوێنانەی پێشتر وەک شوێنی نیشتەجێ بەکارهاتوون لە ڕابردوودا، ئێستا هەندێکیان بەپێی جۆر و شێوەیان بۆ مەبەستی پەروەردەیی وەک قوتابخانە و زانکۆ، یان لە بواری ڕۆشنبیری وەک مۆزەخانە ، گەلەری و سەنتەری ڕۆشنبیری بەکار دەهینرێنەوە، یاخوود بەکارهێنانەوەی تێکەڵاو بە تێکەڵاوکردنی چەند ئەرکێک لە یەک شوێن لە ئەگەری بوونی بۆشاییەکی زۆر وەک کارگەکان و کۆمەڵگە پیشەسازییەکان. ئەم بەکارهێنانەوانە لە ناو فەزایەکی کراوە کە دەورەدراوە بە یادەوەری کۆن ئەبێتە هۆی ئەزموونکردنێکی لەبیرنەکراو، وەک بەشداری کردن لە کۆنسێرتێک یان پێشانگایەک کە دەورە درابێت بە یادەوەری کۆن(Yildiz and Guchan, 2018: 23).

مێتۆدی دووەم، بۆ بەکارهێنانەوە و خۆگونجاندن بریتییە لە ڕێبازی تەکنیکی (Technical Approach). ڕێبازی تەکنیکی تیشک دەخاتە سەر لایەنە فیزیایی و ئەندازیارییەکانی بەکارهێنانەوە و گونجاندن، دڵنیابوون لە یەکپارچەیی پێکهاتەیی و پابەندبوون بە ستانداردە مۆدێرنەکان. چونکە بیناکانی کەلەپوور هەڵدەسەنگێنرێن لەڕووی توانای دووبارە بەکارهێنانەوەیان بۆ ئەرکە نوێیەکان لەسەر بنەمای لایەنە تەکنیکییەکانیان، ئەم ڕێگایە جەخت دەکاتەوە لەسەر تێگەیشتنێکی گشتگیر لە هەموو ئاستەنگەکان و بەربەستەکانی پەیوەست بە لایەنی تەکنیکی بیناکە. ئامانجە تەکنیکییەکانی خۆگونجاندنی بیناکە لەلایەن جەیمس دۆگلاسەوە دیاریکراون، دۆگلاس بەو جۆرە ئاماژە بە لایەنە تەکنیکیەکانی خانوویەک دەکات، بۆ ئەوەی بینایەک بەردەوام بێت، پێویستە چەندین لایەنی تەکنیکی وەک جیاکەرەوە (Insulation)، توانای گلدانەوەی گەرمی (Thermal Efficiency)، بەرگری ئاگر (Fire Resistance) و سەقامگیری پێکهاتەیی (Structural Stability) ڕەچاو بکرێت (Cullinane, 2002). ئەم ڕێبازە زیاتر پەیوەستە بە لایەنە فرە ڕەهەندەکانی دووبارە بەکارهێنانەوە، لەوانە پاراستن، تەلارسازی، تەلارسازی ناوەوە و هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندییان هەیە بە بیناکەوە وەک رووکار و ڕووی ناوەوە و هتد. لایەنێکی دیکەی سەرەکی ئەم ڕێگایە کارایی وزەیە و هەموو شتێکی پەیوەندیدار بە تایبەتمەندییە تەکنیکییەکانی بیناکە وەک بەرگری ئاگر و دەنگ و گەرمی و ئەوانی تر(Zakıeh, 2022: 42). ئەمانە هەموو پێکەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن بۆ بەردەوامیدان بە بینایەک. لایەنێکی تری گرنگ کە کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی تایبەتمەندییە تەلارسازییەکانی بینا کەلەپوورییەکان هەیە بریتیە لە کارایی تەکنەلۆجی (technological functionalism)، لە ئەگەری بەسەرچوون یان چۆڵ بوونی بینا کەلەپوورییەکان، کۆمەڵێک بیرۆکە دێنە پێشەوە وەک، هۆتێل، سەنتەری ڕۆشنبیری، سەنتەری کۆمەڵایەتی بۆ خەڵکانی بەتەمەن لەگەڵ چەندین نموونەی هاوشێوە لە سەرانسەری جیهاندا وەک ڕێبازێکی باو بۆ هێشتنەوە و پاراستنی بەها کەلەپووری و تیابەتمەندییە تەلارسازیەکانی بینا کەلەپوورییەکان (Zakıeh, 2022: 39).

مێتۆدی سێیەم، کە ڕێبازی ستراتیجیە (Strategic Approach) سەرنج دەخاتە سەر ئەو پرۆسە و شێوازانەی کە بۆ گونجاندنی پێکهاتەکان بەکاردەهێنرێن. ئەم شێوازە زیاتر پەسند کراوە لە لایەن شارەزایانی بواری بەکارهێنانەوە و گونجاندن. لەسەر بنەمای گۆڕانکارییەکانی بینای ئێستا، بنەماکانی دیزاینکردن دەتوانرێت دابەش بکرێن بۆ سێ ئاست: نزم، مامناوەند و بەرز. بروکەر و ستۆن (Brooker and Stone) لە کتێبەکەیاندا بەناوی، خوێندنەوەی دووبارە (Re-readings) پێناسەی ئەم ڕێبازە ئەکەن و تیایدا سێ جۆر لە مێتۆدی گۆڕانکاری دیاری دەکەن ئەوانیش، دەستێوەردان (Intervention)، دانان (Insertion) و دامەزراندن (Installation) (Plevoets and Cleempoel,

2013: 8). بە پێی بۆچوونی بروکەر و ستۆن، پێکهاتەی ڕەسەنی بیناکە گرنگترین فاکتەرە لە جێبەجێکردنی دووبارە بەکارهێنانەوە و گونجاندن (Shin, 2024: 4).

| ڕێبازەکان | ڕێبازی جۆری | ڕێبازی ستراتیجی | ڕێبازی تەکنیکی |
|---|---|---|---|
| جەختکردنەوە لەسەر | جۆر و ئەرکی ڕەسەنی بیناکە دەپشکنێت بەمەبەستی پێدانی ڕێنمایی بە ئەرکە نوێیەکە | دانانی پلانی درێژخایەن و هاوئاهەنگ بوون لەگەڵ ئامانجە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان | دەستنیشانی ئاڵنگارییە پێکهاتەیی و ماددیەکان بەمەبەستی کاراکردنیان بۆ ئەرکە نوێیەکان |
| ئامرازەکان/ میتۆدەکان | هەڵسەنگاندنی بەکارهێنانی نوێ و ڕێکخستنی لەگەڵ بایەخی بۆشایی و مێژوویی باڵەخانەکە | - لێکۆڵینەوەی گونجاو<br>- تێگەیشتنی خاوەن پشکەکان | - هەڵسەنگاندنی ئەندازیاری و پێکهاتەیی،<br>- نوێکردنەوە و بەکارهێنانەوەی ماددەکان،<br>- پابەندبوون بە کۆد و یاساکان. |
| دەرئەنجام | بەکارهێنانەوە و گونجاندنی هاوتەریب لەگەڵ گرنگی مێژوویی و کەلەپووری. | بەکارهێنانەوەی گونجاو لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی. | دڵنیابوون لە بەکارهێنانەوەیەکی مۆدێرنی سەلامەت و بەردەوام لە ڕووی کاراییەوە |
| سوودەکان | - ناسنامەی بیناکە و پەیوەندی کولتووری دەپارێزێت.<br>- بەکارهێنانەوەی هەستیار لە چوارچێوەی پێکهاتەی ڕەسەن | - بەرزکردنەوەی بەهای ئابووری و کۆمەڵایەتی.<br>- دڵنیایی دەدات لە توانای پرۆژەکە و تەمەن درێژی. | - سەلامەتی پێکهاتەیی باشتر دەکات.<br>- سیستەمی مۆدێرن و وزەی کارا لەخۆدەگرێت. |
| سەرچاوە سەرەکییەکان | Douglas, J. (2006): Building Adaptation. | -Langston, C. (2008): "Strategic Assessment of Building Adaptive Reuse Opportunities". | -Bullen, P., & Love, P. (2011): "Adaptive Reuse of Heritage Buildings". |

خشتەی ١: خشتەکە شیکاری بەراوردکاری سێ ڕێبازەکە لە پرۆسەی بەکارهێنانەوە و گونجاندندا نیشان دەدات (ئامادەکردنی توێژەر)

هەرچەندە پێشتر ئاماژە بە هەندێک دەستەواژەی تر دراوە بۆ ڕونکردنەوەی 'چەمکی گۆڕانکاری' لە لایەن (Highfield) کە لە ساڵی ١٩٨٧ کتێبێکی بڵاوکردەوە بە ناوی (The rehabilitation and re-use of old buildings) بە مەبەستی پیشکەشکردنی زانیاری لە سەر گۆڕانکارییە تەکنیکییەکانی تەلارسازی. لە کتێبەدا، بیرۆکەی دووبارە بەکارهێنانەوە و گونجاندن هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە بە پشتڕاستکردنەوەی تایبەتمەندییە تەکنیکییەکانی بیناکان. لەگەڵ ئەوەشدا لیکۆڵینەوە لە جێبەجێکردنی پرۆسەی دووبارە بەکارهێنانەوە و گونجاندن کراوە بە چەندین شێوازی جیاواز کە تیایدا حەوت میتۆدی جیاواز دیاریکران ئەوانیش "بیناکردن لەناو (building within)، بیناکردن لەسەر (building over)، بیناکردن لە دەوروبەری (building around)، بیناکردن لە تەنیشت (alongside building)، دووبارە بەکارهێنانەوەی کەرستەکان یان پاشماوەکان (vestiges recycling materials or)، خۆگونجاندن لەگەڵ ئەرکێکی نوێ ( adapting to a new function) و بیناکردن بە شێوازی (building in the style of). هەریەکێک لەم چەمکانە ئاماژەن بۆ دەستێوەردانێکی فیزیکی تایبەت (Stone, 2023: 480). لە لایەکی ترەوە، کرامێر و بریتلینگ (Cramer and Breitling)، پێیان وایە لە جێبەجێکردنی پرۆسەی دووبارە بەکارهێنانەوە و گونجاندن، لایەنی جوانکاری گرنگە شانبەشانی ستراتیجیەتی دیزاینکردنەوە ، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش هەڵسەنگاندنیان کردووە بۆ دەستەواژەی دووبارە بەکارهێنانەوە و گونجاندن(Cramer and Breitling, 2012: 45).

**٢,١ ڕێبازەکانی دووبارە دارشتنەوە**

نۆژەنکردنەوە پرۆسەیەکە بۆ دابینکردنی هاوسەنگی لە نێوان ڕابردوو و داهاتوودا. لە پرۆسەی دووبارە دارشتنەوەدا ڕابردوو گرنگییەکی زیاتر وەردەگرێت چونکە خۆی، ئەو مادەیەیە کە دەبێ بگۆڕدرێت و لە قاڵب بدرێتەوە. لە قۆناغی دارشتنەوەی دیزاینی ناوەوەی بینایەکدا، بنیاتنانی ستراتیژی تەلارسازی وەک ئامرازێکی کۆنترۆلکردن بەکاردێت. ستراتیژەکان لە تێکەڵەی فاکتەرە جیاوازەکانەوە دروست دەکرێن وەک بارودۆخی شوێنەکە، پێکهاتەی بینا، ساڵی بنیاتنان، داواکاری بیناکە و پێداویستییەکان. کاتێک بینایەک دووبارە بەکاردەهێنیەوە، گرنگترین خاڵ کە نابێت لەبیری بکەین ڕەسەنایەتی بیناکە و پەیوەندی نێوان کۆن و نوێیە. ئەو شێوازەی کە ئەم پەیوەندییە پێی دامەزراوە، فاکتەری سەرەکییە لە شیکاری ستراتیژی بینایەکدا. سێ جۆر ستراتیژی هەیە بۆ دووبارە بەکارهێنانەوە لە پەیوەندی نێوان بینای ئێستا و توخمی نوێ. ئەوانیش، دەستێوەردان (Intervention)، دانان (Insertion) و دامەزراندن (Installation) (Amiri, 2020: 42). ئەم سێ چەمکەی نوێکردنەوە و

گۆڕانکاری لە ڕاستیدا پراگماتیکی و بە شێوەیەکی بەربڵاو لە کرداردا قبوڵکراون. پرۆسەی گۆڕین بە خوێندنەوەی شوێنەکە دەست پێدەکات و ئەمەش دەبێتە هۆی خێراکردنی بیرۆکەی نوێ بۆ گۆڕانکاری (Hasnain and Mohseni. 2018: 3).

**ستراتیژی یەککەم،** کە بە دەستێوەردان (Intervention) ناسراوە، خۆی دەبینێتەوە لە پێکەوە بەستنی ئەرکی کۆن و نوێ، بە واتای ئەوەی کە بینا کۆنەکە لەگەڵ زیادکراوەکان بە دوو قەوارەی جیاواز دادەنرێن. لەم ڕێبازەدا، زیادکراوە نوێیەکان دەکەونە چوارچێوەی بینا کۆنەکە بەجۆرێک کە لەوانەیە کاریگەری هەبێت لەسەر پلان و دیزاینەکەیان، بەڵام بەو مانایە نییە کە هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ بیناکەی ئێستادا. لەوانەیە بیناکە بگەڕێتەوە بۆ دۆخی سەرەتایی خۆی کاتێک دامەزراوەکان یان زیادکراوەکان لابران(Hussein, 2019: 320). دەستێوەردان پرۆسەیەکی گۆڕانکارییە لە دووبارە دارِشتنەوەی بینادا؛ بەشە نوێ و هەبووەکان بە تەواوی وابەستەی یەکترن. بینای ئێستا پاڵنەر دابین دەکات، توخمەکان ڕاستەوخۆ بەسەر بینای هەبوودا دەسەپێندرێت و فۆرمی بینا نوێیەکە لە ژێر کاریگەری بینای ئەسڵیدایە.  پێکهاتەی ئێستا، واتە ئەو پلانەی کە بینا ڕەسەنەکە هەیەتی، ئاراستەی دووبارە بەکارهێنانەوەکە پیشان دەدات وەک، شوێنی بەشەکان، پەیوەندی نێوان قەبارە و پێوانەکان. زۆرجار لە دەستێوەرداندا تایبەتمەندییەکانی بیناکە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت بەجۆرێک چیرۆکەکە دەخوێنرێتەوە و لە قاڵب دەدرێتەوە و دەگۆڕدرێت(Stone, 2005: 129). کەواتە، دەستێوەردان بریتییە لە هەموارکردن یان چاککردنەوەی پێکهاتەی بەردەست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان یان چالاککردنی بەکارهێنانی نوێ. ئەم شێوازە زۆرجار جەخت لەسەر پاراستن و بەهێزکردنی تایبەتمەندییە ڕەسەنەکانی باڵەخانەکە دەکات.

**ستراتیژی دووەم،** کە وەک دانان یان جێگیرکردن (Insertion) ئاماژەی پێدراوە، بە واتای،  دانانی چەند تایبەتمەندیەکی نوێ بۆ بینا کۆنەکە یاخود دروستکردنی توخمێکی سەربەخۆی نوێ دێت کە بە تەواوی لەگەڵ بارودۆخی ئێستادا دەگونجێت. ئەم توخمە بە شێوەیەک دروست کراوە کە لە سنووری بینای هەبوودا جێی ببێتەوە. ئەم پرۆسەی دووبارە دارِشتنەوەیە جۆرێک لە پەیوەندی لە نێوان نوێ و کۆن دروست دەکات کە هەر بەشێک دەتوانێت کارەکتەری خۆی بە شێوەیەکی بەهێز و سەربەخۆ بهێڵێتەوە. جێگیرکردن دەتوانێت هێنانە ناوەوەی بەشێکی نوێ بێت لە ناو بیناکەدا، لە نێوان یان لە تەنیشت پێکهاتەی هەبوو. بەشی زیادکراو دەکرێت توخمێکی سەربەخۆبێت و هەروەها ماددەکانیشی دەتوانن جیاوازبن. پێوەر و ڕەهەندەکانی پێکهاتەی سەرەکی بە گشتی کاریگەرییان لەسەر دیزاینی دانان یان جێگیرکردنی بەشە نوێیەکان هەیە. ئەوەی کە گرنگ ئەوەیە پێکهاتەی خانوەکە پێکهاتەیەکی بەهێزی هەبێت بۆ ئەوەی بەشە نوێیەکان قبوڵ بکات. پێویستە هەردوو پێکهاتەکە دەنگی یەکسانیان هەبێت بەڵام بە زمانێکی جیاواز(Amiri, 2020: 43). ئەمەش یارمەتیدەرە دەبێت بۆ پاراستنی بینا کۆنەکان لە هەمان کاتدا شوێنی نوێ دەخرێتە ناویەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ یارمەتیدانی پاراستنی کەشوهەوای هەنووکەیی فەزای مێژوویی، زۆر گرنگە پێکهاتەی هەبووی بینا کۆنەکە بە کەرەستە و فۆرم و ڕێژە کۆنەکانیەوە بپارێزرێت لە کاتێکدا ئەرکی نوێ دەخرێتە ناوەوە، بەم شێوەیە، ڕووکاری دەرەوەی بە پارێزراوی دەمێنێتەوە لەگەڵ یادەوەرییەکان و ڕەنگدانەوەی ڕەسەنایەتی شوێنەکە. لە بەرامبەردا ئەمە ئەزموونێکی سەرنجڕاکێش و سۆزداری بۆ خەڵکی ناوچەکە دروست دەکات(Jäger, 2012: 33).

لە چوارچێوەی ئەم ستراتیژیەدا، پێکهاتە جێگیرکراوەکان بە شێوەیەکی گشتی بە تەواوی دەگونجێن و لابردنیان قورسە. لەوانەیە پێکهاتەی نوێ تەنیشت بینای هەبوو بێت یان دەوروبەری بیناکە بێت نەک لەناو دیوارەکانیدا. ئەم ستراتیژە کەمترین گۆڕانکاری لە پێکهاتەی هەبوودا دەکات، فەزایەک بۆ توخمە نوێیەکە لەناو پێکهاتەی هەبوودا دروست دەکات و بە ڕوونی جیای دەکاتەوە لە پێکهاتەی ڕەسەن. توخمە نوێیەکە بە شێوەیەکی گشتی توخمێکی ئاڵۆزە کە لە چەندین بەش پێکهاتووە کە بۆ یەک مەبەست کۆکراونەتەوە و بەزۆری وەک توخمێکی بنەڕەتی لە پێکهاتەی بیناکەدا کار دەکەن و سوود بە بەکارهێنەران دەگەیەنێن بە ئاسانکاری بۆ داواکارییەکانیان. ئەم ڕێبازە بە شێوەیەکی گشتی ڕێز لە یەکپارچەیی و کارەکتەر و شێوەی پێکهاتەکە دەگرێت لە هەمان کاتدا لەلایەن کۆمەڵگەی ناوخۆییەوە قبوڵکراوە، زیان بە شوێنەکە یان گرنگی کولتوورییەکەی ناگەیەنێت و بەشدارییەکی بەرچاو لە بەردەوامیی پێکهاتەکەدا ناکات(Jasim and Ismaeel, 2023: 1866).

**ستراتیژی سێیەم،** کە وەک دامەزراندن (Installation) هاتووە، بریتییە لە دانانی پێکهاتەی کاتی یان لابراو بۆ ناو بینای ئێستا بەجۆرێک کە ئەم زیادکردنانە گۆڕانکاری هەمیشەیی و نەگۆڕ درووست ناکەن لە تەلارسازی ڕەسەن. بە مانای گرتنە بەری ڕێوشوێنی توند بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی توانای بیناکە بە ئەنجامدانی گۆڕانکاری گەورە لە پێکهاتەی ئێستای بیناکەدا دێت بەجۆرێک کە خودی بیناکە چیتر ناتوانێت بە تەنها کار بکات(Zakıeh, 2022: 27).  لە ڕێگەی دامەزراندنەوە، توخمەکان سەربەخۆن لە بینای ئێستا. ئەوان دەتوانن بە سادەیی لەگەڵ یەکتردا ڕێکبکەون و کۆمەڵێک توخم دەتوانرێت لە چوارچێوەی پێکهاتەی ئێستادا دابنێن. تایبەتمەندی توخمە نوێیەکان دیزاینێکە لەلایەن تەلارسازان یان هونەرمەندەکانەوە زیاد دەکرێت. توخمەکان لە بەشی دامەزراندندا بەزۆری قەبارەیەکی سنووردار یان ماوەی دیاریکراوی ژیانیان هەیە، بەڵام دەتوانن توانای بیناکە زیاد بکەن. دامەزراندن ڕێگایەکە بۆ تێگەیشتن و تەواوکردنی توانای شاراوە یان بەشێکی ونبووی بیناکە(Cordan, 2019: 458).

| ستراتیجەکان | دەستێوەردان (Intervention) | دانان (Insertion) | دامەزراندن (Installation) |
|---|---|---|---|
| پێناسە | چاککردنەوە یان دەستکاریکردنی توخمەکانی ئێستا بۆ بەرزکردنەوەی کارایی‌یەکانیان یان درێژکردنەوەی تەمەنیان. | زیادکردنی توخم یان فەزای نوێ و زۆرجار هەمیشەیی لەناو پێکهاتەی هەبوودا بۆ بەکارهێنانی نوێ. | هێنانە ناوەوەی پێکهاتە یان تایبەتمەندی کاتی یان لابراو بۆ ناو بینای هەبوو. |
| ئامانج | بۆ گەڕاندنەوە یان بەرزکردنەوەی کارایی یان جوانکاری ڕەسەنی بیناکە لە هەمان کاتدا پاراستنی ڕەسەنایەتییەکەی. | بۆ گونجاندنی بیناکە بۆ مەبەستی نوێ لە هەمان کاتدا دروستکردنی دیالۆگ لە نێوان تەلارسازی کۆن و نوێ. | بۆ چالاککردنی بەکارهێنانی کورتخایەن یان دابینکردنی نوێکارییە ناداگیرکەرەکان بەبێ گۆڕینی پێکهاتەی ناوەکی. |
| گۆڕانکارییەکان | گۆڕانکاری هەمیشەیی کە ڕێز لە گرنگی مێژوویی و تەلارسازی بگرێت. | زیادکردنی هەمیشەیی یان نیمچە هەمیشەیی کە دیزاین کراوە بۆ ئەوەی لەگەڵ بینای ئەسڵیدا پێکەوە بژین. | زیادکردنی کاتی بەجۆرێک کە بە ئاسانی بگەڕێتەوە سەر بارە ئاساییەکەی خۆی بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری درێژخایەن و دارێژراو. |
| کاریگەری لەسەر بینا ڕەسەنەکە | دیزاین و کەرەستەکانی ئێستا دەپارێزێت و بەهێزیان دەکات. | بۆشایی یان کاراکتەری بیناو دەگۆڕێت لەڕێی تێکەڵکردن یان جیاوازکردن لەگەڵ توخمە ڕەسەنەکان. | کەمترین یان هیچ کاریگەرییەکی هەمیشەیی لەسەر پێکهاتەی بنەڕەتی نابێت. |
| گرنگترین تایبەتمەندییەکان | - چاککردنەوەی پێکهاتە.<br>- گەڕاندنەوەی کەرەستە ڕەسەنەکان.<br>- مۆدێرنکردنی سیستەمە بنچینەییەکان. | تێکەڵکردنی شێوازی کۆن و نوێ. | - زیادکردنەکانی مۆدێرن یان پێشوەختە.<br>- دەتوانرێت بگەڕێتەوە و دەگونجێت لەگەڵ بەکارهێنانەکانی داهاتوو. |
| دیزاین و جوانکاری | یەکپارچەیی و بەردەوامی مێژوویی دەپارێزێت و ڕێزی لێدەگرێت. | دیالۆگێک لە نێوان کۆن و نوێدا دروست دەکات، زۆرجار تیشک دەخاتە سەر جیاوازییەکان یان هاوشێوەییەکان. | هێشتنەوەی ئەرک و جوانییە ڕەسەنەکە وەک تەواوکارییەک بۆ دیزاینە بنەڕەتییەکە بەبێ ئەنجامدانی گۆڕانکاری هەمیشەیی. |
| بەکارهێنانەکان | نۆژەنکردنەوەی بینا کەلەپوورییەکان.<br>- بەرزکردنەوەی ژێرخانی کۆن (بۆ نموونە، سیستەمی ئاو و ئاوەڕۆ). | - زیادکردنی ئەرکی نوێ (بۆ نموونە، هۆڵەکان، شوێنی ئۆفیس).<br>- تێکەڵکردنی دیزاینی مۆدێرن و مێژوویی | - گەلەرییەکان، بۆنەکان یان پێشانگاکان.<br>- خزمەتگوزارییە مۆدێرنەکان (بۆ نموونە ڕووناکی، کەلوپەلی ناوماڵ). |
| تێچوونەکان | مامناوەند بۆ بەرز ، پشت دەبەستێت بە ئاستی نۆژەنکردنەوە و مۆدێرنکردنی پێویست | بەرزە، بەو پێیەی دیزاینی تایبەت و یەکخستنی تایبەتمەندییە نوێیەکان لەخۆ دەگرێت. | نزم تا مامناوەند، چونکە دامەزراندنەکان بە شێوەیەکی گشتی کاتین و سەرچاوەی سووکن. |
| سوودەکان | - درێژکردنەوەی تەمەنی بیناکان.<br>- پاراستنی ڕەسەنایەتی بیناسازی. | - داهێنانی تەلارسازی بەرەوپێش دەبات.<br>- کارایی مۆدێرن دروست دەکات و لە هەمانکاتدا ڕێز لە کەلەپوور دەگرێت. | ڕێگە بە چالاکییە سەردەمییەکان دەدات بەبێ پابەند بوون |
| سەرچاوە سەرەکییەکان | Douglas, J. (2006): Building Adaptation. | I.M. Pei's Louvre Pyramid case study in Ching, F. (2014). Architecture: Form, Space, and Order. | UNESCO guidelines on temporary installations in heritage sites (ICOMOS documentation). |

خشتەی ٢: خشتەی تایبەت بە ڕوونکردنەوەی هەرسێ ستراتیجەکە بەشێوەیەکی ووردی بەراوردکاری (ئامادەکردنی توێژەر)

## ٢. بیرۆکەی داهێنەرانە بەرەو گونجاندنی بیناسازی

نووسەر دێریک لاثام کە بە باشی ناسراوە بەهۆی کارەکانی لە بەکارهێنانەوەی پێکهاتە مێژووییەکان، تیشک دەخاتە سەر ڕێبازی دووبارە بەکارهێنانەوەی داهێنەرانە بەرەو گونجاندنی بیناسازی. لە کتێبەکەیدا "بەکارهێنانەوەی داهێنەرانە لە بیناکان"دا ( Creative Reuse of Buildings) باس لە توانای دووبارە بەکارهێنانەوەی داهێنەرانە دەکات. نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە بەکارهینانەوە و گونجاندنی بینا کەلەپووریەکان نەک تەنها بە شێوەیەکی سەرکەوتوو ئەرکی کۆن و نوێ تێکەڵ دەکات بەڵکوو ڕێبازێکی بەهێزە بۆ جەختکردنەوە لە سەر کاراکتەری شوێنێک. پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان لە ڕووی ئابووری، تەکنەلۆژیا و گەشەی شارەکان ڕەنگ دەداتەوە لە جێماوە کەلەپوورەییەکان. ئەم جێماوانە نوێنەرایەتی بەها جیاوازەکان دەکەن لە پێکهاتەی شارستانی شارەکان و هەستی شوێن بە خەڵکی دەبەخشن. نووسەر پێی وایە نەبوونی خەیاڵ لە بیرۆکەی داهێنەرانە بەرامبەر بە ستراتیجیەتی بەکارهێنانەوە و گونجاندن هۆکارێکە بۆ دامرکاندنەوەی پرۆسەی پێکەوە بەستنەوەی بینا کۆنەکان بە کاتەوە. نووسەر دەڵێت: "سنووره ڕاستەقینەکان، شوێنەوارناسی، جوانکاری، ئابووری یان کرداری نین، بەڵکو دەروونین: ئەو سنوورانەی کە بەهۆی پێشبینییە پێشوەختەکانەوە دروستکراون، بەهۆی نەبوونی خەیاڵەوە دروست دەبن. کاتێک ئیرادە هەبوو، لێهاتوویی و داهێنەریی بەدوای خۆیدا دێنێت". ڕێبازی بەکارهینانەوە و گونجاندنی داهێنەرانە ڕێبازەکانی دیکە پشتگوێ ناخات بەڵکو کاردەکات بۆ ڕێکخستنیان بەشێوەیەکی عەقڵانی و هەوڵی درووستکردنی پەیوەندی دەدات لە نێوانیاندا(Latham, 2016: 13).

پرۆسەکە پێویستی بە پلانێکی کرداری هەیە بەجۆریک تەواوی ئەو لایەنە تەکنیکیانە لەخۆبگرێت کە بەکارهێنەر پێویستیەتی. بڕیاری پاراستن، نۆژەنکردنەوە یان چاککردنەوە لەگەڵ ئەو  میتۆدانەی بڕیارە بەکاربهێنرێن لە پرۆسەکەدا دوای بەدواداچوون بۆ دۆخی ئێستای بیناکە و شیکردنەوەیەکی داهێنەرانە لە دیزاینکردن دەدرێت. پرۆسەکە ڕێگایەکی فرە ڕەهەندە کە لایەنە جوانی ، کرداریەکان و بەها ئابووریەکان لەگەڵ پێداویستیە دەروونیەکانی خەڵک و کۆمەڵگا لەخۆ دەگرێت. ئەمەش پێویستی بە بیرۆکەی داهینەرانە هەیە کە بتوانرێت وەک داینامۆیەک بەکاربهینرێت بۆ گۆڕینی بەربەست و سنووردارییەکان لە پرۆسەکە. بەم شێوەیە، لە ئەنجامدا زمانێکی دیزاینی جیاواز دروست دەکات کە ڕێگە بە لێکدانەوەی هاوشێوەی موڵک وماڵی مێژوویی دەدات لەلایەن ئەو کەسانەی کە بەکاریان دەهێنن. گونجاندنی ئەرکێکی نوێ لەگەڵ بینا کۆنەکان دەتوانرێت ئەنجام بدرێت بە هەڵسەنگاندنی تواناکانی بەمەبەستی ئەنجامدانی کەمترین دەست تێوەردان ( Hasnain and Mohseni, 2018: 3). لەبەر ئەوە، بە تەنها توانا تەکنیکییەکان لە بینایەک ناتوانن چارەسەر بن بۆ بەردەوامیدان بە بینایەک. بەم شێوەیە بەکارهێنانی نوێ پێویستە گۆڕانکاری بچووک تێکەڵ بکات بۆ توخمە گرنگەکانی بنیاتنانی کەلەپوور و هەندێک پەیوەندی و مانای نوێی تێدا بێت. ئەم جۆرە خۆگونجاندنە دەبێتە هۆی نوێبوونەوەی سوودە جەستەیی و دەروونی و ئابوورییەکان بۆ کۆمەڵگایەکی پەیوەندیدار( Plevoets and Cleempoel, 2013: 7).

ڕێگای داهینەرانە و سەرکەوتوو بۆ بەکارهێنانەوە و گونجاندنێکی سەرکەوتوو بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بە بیرۆکەی داهێنەرانە. ئەمەش پەیوەستە بە هەبوونی توانایەکی بێهاوتا لە درووستکردن و دەسکاریکردنی بیرۆکەی درووست بۆ بەکارهینانێکی گونجاو. ئەم بیرۆکانە وەک چەمکێکی بنچینەیی پرۆژەی خۆگونجاندن خزمەت دەکەن و چارەسەرێکی تایبەت بۆ ئەو ئاستەنگانە دابین دەکەن کە ڕووبەڕووی بیناکانی کەلەپوور دەبنەوە. هەر پرۆژەیەکی بەکارهێنانەوە و گونجاندن، بەمەبەستی سەرکەوتنی وەک پرۆژەیەکی بەکارهێنانەوەی سەرکەوتوو چەندین توێژینەوەی گشتگیر ئەنجام دەدات پێش دەستپێکردنی. هەر پرۆژەیەکی بەکارهێنانەوە پێویستە پرۆژەیەکی عەقڵانی (Rationale) بێت و هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ ڕێبازە سەرکەوتووەکانی بەکارهێنانەوە و گونجاندن(Hasnain and Mohseni, 2018: 4).

### ١,٢ مەبەست لە بەکارهێنانەوەی سەرکەوتوو چییە؟

بابەتی پرۆژەی بەکارهێنانەوەی سەرکەوتوو بە شێوەیەکی چڕوپڕ لە نموونە ئەزموونیەکاندا و لە بابەتە تیۆریەکاندا بە فراوانی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، بەڵام لە هەمانکاتدا پێناسەیەکی یەک ڕەهەندی نیە بۆ "بەکارهینانەوەی سەرکەوتوو" بەڵکوو ئەم دەستەواژەیە ئامرازێکە بۆ یەکخستن و کۆکردنەوەی هۆکارەکان بۆ سەرکەوتنێکی گشتگیر. بۆ ئامانجی توێژینەوەکە، زۆر گرنگە کە لە چەمکی بەکارهێنانەوە و خۆگونجاندنی سەرکەوتوو تێبگەین، چونکە یارمەتیدەر دەبێت لە هەڵبژاردنی نموونەکان و هەڵسەنگاندنی هەنگاوە کرداریەکانی دەستێوەردان. توێژەران و پارێزەرانی بواری کەلەپوور بەو جۆرە ناساندن بۆ بەکارهێنانەوە و گونجاندنی سەرکەوتوو دەکەن کە بریتییێت لە ڕێزگرتن لە کاراکتەرە مێژووییەکانی بینایەکی کەلەپووری کە لە خۆیدا هەڵیگرتووە، لە هەمانکاتدا ڕێگە بە ئەنجامدانی گۆڕانکاری کرداری لە ئەرکەکەید دەدات لە پێناو باشترکردنی کاراکتەر و جوانیەکانی بینایەک لە بری ڕووخاندنی(Li, et al., 2021: 4). وەک پێندڵبێری (Pendlebury) دەڵێت، پاراستنی تەلارسازی بە شێوەیەکی نموونەیی یان پێوانەیی لە گرنگیدانێکی تاکەکەسی بە پاراستن یان نۆژەنکردنەوەوە گۆڕاوە بۆ ڕێبازێکی بەکارهێنانەوە و گونجاوندنی پەیوەست بە گەشەپێدانی بەردەوام و گەشەسەندنی هەرێمی؛ لە ڕوانگەی پێندلبێرییەوە، کەلەپوور لە بنەڕەتدا پرۆسەیەکی کولتووری و کۆمەڵایەتییە. لەبەر ئەوە، پێش جێبەجێکردنی هەر پرۆژەیەکی دووبارە بەکارهێنانەوەی خۆگونجاندن، پێویستە هەڵسەنگاندنێکی گشتگیر بۆ کەلەپووری تەلارسازی ئەنجام بدرێت، چوونکە ستراتیژەکان وەڵامی ئەرکە نوێیەکان دەدەنەوە(Pendlebury, 2008: 14-15). دەتوانین بڵێین کە ڕێبازەکانی پاراستن، لە بەکارهینانەوە و گونجاندنی سەرکەوتوودا پەیوەندیەکی قبووڵکراو هەیە لە نێوان کۆن و نوێدا. بە شێوەیەکی گشتی کەمترین دەستێوەردانەکان سەرکەوتنەکان دابین دەکەن.

لە ئەنجامدا، پێداویستییە کردارییە نوێیەکان دەتوانرێت دابین بکرێن لە ڕێگەی بنەماکانی دیزاینکردنی گشتگیر بە دامەزراندنی پەیوەندییەکی باش لە نێوان کۆن و نوێدا. لە هەمانکاتدا پێویستە ڕێبازەکان سەرکەوتووبن لە شیکردنەوەی لایەنی تەکنەلۆجی و ڕەنگدانەوەی لەسەر پێکهاتەی بیناکە. بەشێوەیەکی گشتی کاتێک کارایی تەکنەلۆژی بەکاردێت وەک ڕێنماییەک بۆ بنەماکانی دیزاینکردن، پەیوەندیەکی باش لە نێوان کۆن و نوێ بەدەست دەهێنرێت لە بەکارهێنانەوە و گونجاندنی بینا کەلەپووریەکان(Yildiz and Guchan, 2018: 25). هەروەک ئەوەی کە ئێلینا ئەمیری (Amiri) لە تێزی دکتۆراکەیدا ئاماژەی پێداوە، هێشتنەوەی پەیوەندی نێوان کۆن و نوێ بەندە بە ڕوانگەی دیزاینەرەوە. گرنگە پەیوەندی نێوان بینای ڕەسەن و بیرۆکەی بەکارهێنانەوە و گونجاندن بپارێزین، هەروەها گرنگە کە زانیاری قووڵ و لێکۆڵینەوە دەربارەی جۆری بارودۆخی ئێستای بیناکە هەبێت بۆ ئەوەی دووبارە دروستکردنەوەیەکی سەرکەوتوو هەبێت(Amiri, 2020: 41).

وەک ئەوەی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە، خاڵێکی زۆر گرنگ بۆ پاراستنی بینا کەلەپووریەکان، بریتییە لە بەرز نرخاندن و ڕێزگرتن لە پێکهاتەی تەلارسازی و شارستانی لە ڕێگەی جیبەجێکردنی دیزاینێکی داهێنەرانە بەجۆرێک کە پرۆژەکانی بەکارهێنانەوە و گونجاندنی سەرکەوتوو ئامانجیان یەکخستن و هێشتنەوەی پەیوەندی نێوان چیرۆکی مێژوویی بیناکە و زیندووکردنەوەی بۆشاییەکانە بۆ بەکارهێنانی هاوچەرخ( Schroeder, 2017: URL). بەکارهێنانەوەی سەرکەوتووانەی بینا کەلەپووریەکان لە لایەن ڕێکخراوی ( International Council on Monuments (and Sites (ICOMOS) پێناسە کراوە وەک گۆڕینی بۆشایی بۆ ئەرکێکی گونجاو لە کاتێکدا پارێزگاری لە بەها کەلەپووری و کلتووریەکان بکات(ICOMOS, 2010: 3). بۆ نموونە، بەشی ژینگە و کەلەپووری ئوسترالیا بەو جۆرە پێناسەی سەرکەوتوترین پرۆژەکانی بەکارهینانەوەی کردووە کە بتوانن چینێکی بەنرخی هاوچەرخ بۆ داهاتوو زیاد بکەن لەوەش گرنگتر ڕێز لە گرنگی کەلەپووری بیناکا دەگرن. پرۆژە سەرکەوتووەکان لە بەکارهێنانەوەی سەرکەوتوو هەمیشە خاوەنی پلانێکی باشن بۆ بیناکە، پلانێکی گونجاو بۆ چواردەورەکەیان و گونجاویان لەگەڵ داخوازییەکانی کۆمەڵگا دەربارەی داهاتووی شوێنە کەلەپووریەکە. بە واتایەکی تر، چواردەوری بیناکە و ئەو ژینگەیەی کە لێی هەڵکەوتووە گرنگە هاوشێوەی خوودی بیناکە. بێگومان هەبوونی شوێنی سەرنجڕاکێش لەگەڵ تۆپۆگرافی باش نکۆڵی لێنەکراوە بۆ سەرکەوتنی پرۆژەی بەکارهێنانەوە(Vafaie, et al., 2023: 8).

لەبەر ڕۆشنایی ئەو توێژینەوانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدراوە بنەماکانی پەیوەندیدار بە پێشکەشکردنی بەکارهێنانی نوێ لە پرۆژەکانی بەکارهێنانەوە و خۆگونجاندن دەتوانرێت بەم شێوەیە پوخت بکرێنەوە: **یەکەم**، بەکارهێنانی نوێ دەبێت کەمترین کاریگەری هەبێت لەسەر گرنگی و باکگراوندی کەلەپووری بیناکە، **دووەم**، بەکارهێنانی نوێ دەبێت کاریگەرییەکی گونجاو و هاوچەرخ زیاد بکات کە بتوانێت بەها بۆ نەوەکانی داهاتوو دابین بکات، **سێیەم**، بەکارهێنانی نوێ دەبێت لایەنی ڕۆحی شوێنەکە بەرز بکاتەوە؛ لە کۆتاییدا، دەبێت لە ڕووی کەلتوورییەوە پێکهاتەی گرنگی بیناکە بپارێزێت. لە بواری پاراستنی کەلەپووردا، کەنارا (Canara) بەو جۆرە باسی پرۆژەی سەرکەوتوو دەکات کە پارێزگاری لە پێکهاتەی کەلەپووری بیناکان دەکات لەکاتی بەکارهێنانی توخمی نوێ کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی بەهای شوێنەکە بۆ داهاتوو، هەروەها جەختی لەوە کردووەتەوە کە تێگەیشتن لە بیناکە و چوارچێوەکەی و هەڵسەنگاندنی گرنگییەکەی دوو بنەمای سەرەکین پێش دەستپێکردنی دەستێوەردان(Canaran, 2009: 82).

| سەرچاوە سەرەکییەکان | نیشانەکان | وەسف | پێوەرەکان |
| --- | --- | --- | --- |
| - ICOMOS (2003), *Principles for Analysis, Conservation, and Structural Restoration.*<br>- UNESCO (1972), *World Heritage Convention.* | - هێشتنەوەی دیزاین، ماددە و تایبەتمەندییە ڕەسەنەکان.<br>- پابەندبوون بە ستانداردەکانی پاراستنی کەلەپوور. | دڵنیابوون لە پاراستنی گرنگی مێژوویی و کەلتووری و تەلارسازی بیناکە | پاراستنی مێژوو کەلەپوور |
| - Douglas, J. (2006), *Building Adaptation.*<br>- Feilden, B. M. (2003), *Conservation of Historic Buildings.* | - گونجانی ئەرک لەگەڵ تایبەتمەندییە کەلەپوورییەکان.<br>- ڕێکخستنەوەی شوێن بۆ بەکارهێنانی مۆدێرن. | ڕێکخستنی ئەرکە نوێکان لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی بۆشایی و پێکهاتەی باڵەخانەکە لەگەڵ پاراستنی توانای بەکارهێنان. | تێکهەڵکێشی ئەرکەکان |
| - Bullen, P., & Love, P. (2011), "Adaptive Reuse of Heritage Buildings." *Sustainable Development Journal.* | - کەمکردنەوەی کاربۆنی بەرجەستەکراو.<br>- بەکارهێنانی سیستەمی وزەی نوێبووەوە.<br>- دووبارە بەکارهێنانەوەی ماددەکان. | تێکەڵکردنی بەردەوامی ژینگەیی بە دووبارە بەکارهێنانەوەی ماددەکان و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای کاریگەری وزە. | بەردەوامی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| توانای ئابووری | دڵنیابوون لەوەی کە پرۆژەکە لە ڕووی داراییەوە بەردەوام بێت لە ڕێگەی کاریگەری تێچوون و گەڕانەوەی سەرمایە گوزاری. | - تێچووی سەرەتایی بەرامبەر سوودی درێژخایەن.<br>- توانای بوژاندنەوەی ئابووری پێشبینیکراو. | - Langston, C. (2008), "Strategic Assessment of Adaptive Reuse Opportunities."<br>- Shipley, R. (2006), *Heritage Economic Impact Study.* |
| بەشداریکردنی کۆمەڵگا | دەستنیشانکردنی پێداویستی و بەهاکانی کۆمەڵگە، دڵنیابوون لە قبووڵکردنی کۆمەڵایەتی، و پەرەپێدانی بەشداری خۆجێی. | - بەشداری چالاکانەی لایەنە پەیوەندیدارەکان.<br>- سوودە کۆمەڵایەتیەکانی وەک پەروەردە و فێرکردن. | - Murtagh, W. (2006), *Keeping Time: The History and Theory of Preservation in America.* |
| ئاوازی جوانی | بەدەستهێنانی پێکەوەیی بیناو لە نێوان توخمە مێژوویی و مۆدێرنەکان لە پرۆژەی دووبارە بەکارهێنانەوە. | - هاوسەنگی دیزاینی کۆن و نوێ.<br>- ڕێزگرتن لە ڕێژە و شێوازە ڕەسەنەکان. | - Ching, F. (2014), *Architecture: Form, Space, and Order.*<br>- Ruskin, J. (1865), *The Seven Lamps of Architecture.* |
| گونجاوی تەکنیکی | دڵنیابوون لەوەی بیناکە لەگەڵ ستاندارده مۆدێرنەکانی سەلامەتی، پێکهاتەیی و دەستڕاگەیشتن دەگونجێت. | - پابەندبوون بە یاساکانی بیناسازی.<br>- نوێکردنەوە و جێگیرکردنی پێکهاتەیی | - ICOMOS (2005), *Guidelines for Education and Training in Conservation.*<br>- BSI (2012), *Standards for Building Conservation.* |
| پێچەوانە بوونەوە | توانای گەڕاندنەوەی بیناکە بۆ بارە ڕەسەنەکەی خۆی دوای دەستێوەردانەکان ئەگەر پێویست بوو لە داهاتوودا. | - بەکارهێنانی سیستەمی کاتی یان مۆدێرن.<br>- کەمترین کاریگەری هەمیشەیی لەسەر توخمە ڕەسەنەکان. | - Australia ICOMOS (2013), *Burra Charter.*<br>- UNESCO guidelines on reversibility in heritage conservation. |
| کاریگەری کۆمەڵایەتی | بەرزکردنەوەی بەشداری بیناکە لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی خۆیدا لە ڕێگەی پەرەپێدانی ناسنامەی کولتووری و یەکگرتووی کۆمەڵایەتی. | - بەردەستبوون و بەشداری کردن لە چالاکییە کەلتوورییەکان.<br>- بەرزکردنەوەی هۆشیاری کەلەپووری ناوخۆیی. | - UNESCO (2003), *Convention for the Safeguarding of Intangible Cultural Heritage.* |
| داهێنان | ناساندنی چارەسەری داهێنەرانە بۆ گونجاندنی بینا مێژووییەکان بۆ بەکارهێنانی مۆدێرن لە هەمان کاتدا ڕێزگرتن لە بەها کەلەپوورییەکان. | - چارەسەری دیزاینی داهێنەرانە کە کۆن و نوێ تێکەڵ دەکات.<br>- بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای بیناسازی مۆدێرن. | - Bullen, P., & Love, P. (2011), "Factors Influencing Adaptive Reuse Decisions." *Journal of Engineering and Technology Management.* |

خشتەی ٣: پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی بەکارهێنانەوەی سەرکەوتووی بینا کەلەپوورییەکان (ئامادەکردنی توێژەر)

### ٣,٢ بەکارهێنانەوە و گونجاندن لەڕووی ئابوریەوە

دەستەواژەی دووبارە بەکارهێنانەوە لە خۆیدا دەستەواژەیەکی ئابوورییە. خانووە کۆنەکان بە ماددەی بەردەست لە ناوخۆدا دروست کراون بۆیە دەتوانرێت لە کاتی نۆژەنکردنەوە و ئەگەری دووبارە بەکارهێنانەوە، ئەو ماددانە دەکرێت دوبارە بەکاربهێنرێنەوە ئەگەر لە بارودۆخێکی باشدا بن، ئەمە نەک تەنها هەلی کار بۆ خەڵکی ناوچەکە دروست دەکات بەڵکو تێچوونەکانیش کەمدەکاتەوە. درووستکردنی خانووی هاوشێوەی خانوە کەلەپوورییەکان سەرلەنوێ بە کەرستەی هاوشێوە تێچوەکەی زۆر زیاترە لەوەی کە خانویەکی کەلەپووری نۆژەنبکرێتەوە بەمەبەستی پێدانی ئەرکێکی نوێ و دووبارە بەکارهێنانەوە (Declaration, 2018: 1). بەکارهێنانی پێکهاتە و ژێرخانە هەبووەکان دەتوانێت تێچووی گشتی پرۆژەکە کەم بکاتەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی دووبارە. هەروەها بەکارهێنانەوە و خۆگونجاندن ڕێگایەکی کاراترە کە بڕی کاتی پێویست بۆ دروستکردنی بینا کەم دەکاتەوە. ئەمە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر هەڵئاوسان و هەروەها داواکارییەکانی سەرمایەی ڕاستەوخۆ کەم دەکاتەوە. چەندین لێکۆڵینەوە دەریانخستووە کە دووبارە بەکارهێنانەوەی بیناکان تەنها نیوەی کاتی پێویستە بە بەراورد بە وێرانکردن و بنیاتنانەوەی بینایەکی نوێ، کە دەکرێت ببێتە هۆی کەمکردنەوەی بەرچاوی تێچوونی کرێکارانی بیناسازی(Langston, et al., 2008: 1709-1710). بەکارهێنانەوەی بیناکانی ئێستە و گونجاندنیان لەگەڵ پێداویستیەکانی ئێستە، دەبینرێت وەک ستراتیژیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانە پەیوەندیدارەکانی بازاڕدا، وەک زیادەڕەوی لە دابینکردنی موڵک و کێشە پەیوەندیدارەکان بە خودی پێکهاتەی بیناکە وەک تێکچوون.

لەم سەردەمەی ئێستادا کە بنەما و ستانداردەکانی بیناسازی لە نزمبوونەوەدان، دەتوانرێت پاراستن وەک میکانیزمێکی کاریگەر بەکاربهێنرێت بۆ بەیەک بەستنەوە و بەردەوامیدان بە بینا کەلەپوریەکان بە داهاتووەوە. لێرەدا دەتوانرێت ئەو کەرەستانە ببینرێن کە بە پێی پێویست توانایان هەیە بەبێ ئەوەی کوالێتی بنچینەیی خۆیان لەدەست بدەن. پاراستن بابەتێکی ئابووری زۆر گرنگە، ئەم بابەتە زیاترە لەوەی کە تەنها کار لەسەر جوانی بکات. لە هەمان کاتدا دەست دەخاتە سەر بەها بنەڕەتیەکان (Chandrakar & Singh, 2022: 330). بیناکان بە پێی جۆری ئەو زیانانەی کە بەریان کەوتوە بە چەندین پێوەر و بیرۆکەی جیاوازی پاراستندا تێپەڕیون. پاراستنی کەلەپوور، هەوڵی بەرزکردنەوەی بەهای بینا کەلەپوریەکان دەدات بە پاراستنی فۆرمە ڕەسەنەکەی، توخمە بیناسازیەکانی، نۆژەنکردنەوەیان و دروستکردنەوەیان لە چوارچێوەی کات و کاراکتەرەکانی بیناکان (Department of Environment and Heritage, 2004: 4).

لە ئێستادا، خۆگونجاندنی بیناسازی و گونجاندنی لەگەڵ پێداویستیەکانی سەردەم، دەبینرێت وەک دەستەواژەیەک کە دەگونجێت لەگەڵ بنەماکانی ئابووری بازنەیی (Circular Economy) هەروەها لەگەڵ ژینگەیەکی دروستکراوی بازنەیی (Circular Built Environment). مەبەست لە ئابووری بازنەیی سیستەمێکی ئابوورییە کە ئامانجی نەهێشتنی بەفیڕۆدان و پێشخستنی بەکارهێنانی بەردەوامی سەرچاوەکانە. بە پێچەوانەی مۆدێلی هێڵی تەقلیدی "وەرگرتن، دروستکردن، فڕێدان"، ئابوورییەکی بازنەیی سەرنجی لەسەر دیزاینکردنی بەرهەم و سیستەمەکانە کە ڕێگە بە دووبارە بەکارهێنانەوەی سەرچاوەکان، چاککردنەوە و دووبارە بەکارهێنانەوەیان دەدات، بەم شێوەیە سیستەمێکی ئەڵقەی داخراو دروست دەکات، بەجۆرێک جەخت لەسەر بەردەوامیی و کارایی دەکاتەوە بە کەمکردنەوەی کاریگەرییە ژینگەییەکان لە هەمان کاتدا پشتگیری لە گەشەی ئابووری دەکات. لە هەمانکاتدا ژینگەی دروستکراوی بازنەیی ئاماژەیە بە جێبەجێکردنی بنەماکانی ئابووری بازنەیی بۆ بنیاتنان، کارپێکردن و چاودێریکردنی باڵەخانە و ژێرخانەکان. جەخت لەسەر دیزاین و بەڕێوەبردنی ژینگەی دروستکراو دەکاتەوە بە شێوەیەک کە کاریگەری سەرچاوەکان بەرز بکاتەوە، بەفیڕۆدان کەم بکاتەوە و سووڕی ژیانی ماددە و پێکهاتەکان درێژ بکاتەوە(Camilleri, 2023: 545-548).

دووبارە بەکارهێنانەوەی بینا کەلتووری و کەلەپوورییەکان نەک تەنها بەهای مێژوویی و تەلارسازی دەپارێزێت بەڵکو سوودی ئابووری گەورە بۆ کۆمەڵگە خۆجێییەکان بەرهەم دەهێنێت. بە گۆڕینی ئەم شوێنانە بۆ فەزایەکی کارای ، وەک هۆتێل، مۆزەخانە، چێشتخانە یان سەنتەری کولتووری، دەرفەتی کاری جۆراوجۆر لە بواری بیناسازی، گەشتیاری، میوانداری و هەلی کار دەڕەخسێنن. ئەم چالاکییە ئابوورییە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی داهاتی ناوخۆیی، هەلی کار و کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری. یەکێک لە گرنگترین سوودە ئابوورییەکانی دووبارە بەکارهێنانەوەی بینای کەلەپووری توانای گەشەپێدانی پیشەسازی گەشتیاریی ناوخۆییە. گەشتیاری کەلەپووری کە بەهۆی سەرنجڕاکێشی ژینگەی ڕەسەن و دەوڵەمەندی مێژووییەوە بەرێوە دەچێت، گەشتیاران لە باکگراوندی جۆراوجۆرەوە ڕادەکێشێت. ئەم گەشتیارانە پارە سەرف ناکەن نەک تەنها بۆ کرێی چوونە ژوورەوە و گەشتی ڕێبەری، بەڵکو بۆ نیشتەجێبوون، نانخواردن و بازاڕکردن لە شوێنە نزیکەکانیش. لە ئەنجامدا، لێشاوی گەشتیاران ئابوورییەکی ناوخۆیی چالاک دەکات و پاڵپشتی ژمارەیەکی فراوان لە کۆمپانیاکان دەکات، لە دوکانەکانی خێزانی بچووکەوە تا پرۆژە بازرگانییە گەورەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، دووبارە بەکارهێنانەوەی بینا کولتوورییەکان لەگەڵ ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام هاوتەریب دەبێت بە کەمکردنەوەی پێویستی بە بیناسازی نوێ، بەمەش پاشەڕۆ و دەردانی کاربۆن کەم دەکاتەوە. پاراستنی پێکهاتەکانی ئێستا بەکارهێنانی ماددە خاو و ووزە کەم دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا کەسایەتی و ناسنامەی بێهاوتای گەڕەکەکانی ناوچەکە دەپارێزێت. ئەم شێوازە بەردەوامە نەک تەنها سوود بە ژینگە دەگەیەنێت بەڵکو سەرنجی گەشتیارانی هۆشیاری کۆمەڵایەتیش ڕادەکێشێت و سەردانکردن و دەستکەوتی ئابووری زیاتر دەکات.

## ٣. توخمە بیناسازییەکان و ڕۆڵیان لە پرۆسەی دووبارە داڕشتنەوەی بینا کەلەپوورییەکان

هەنگاوەکانی دووبارە داڕشتنەوە بۆ بەکارهینانەوە لە نۆژەنکردنەوەی بینایەکدا دەتوانرێت وەک دەستکاریکردنی توخمەکان یان وردەکارییەکان بۆ پشتگیری ستراتیژەکە ببینرێت. بە شێوەیەکی تر، ئەو تەکنیکانەی لەناو نۆژەنکردنەوەی بینایەکدا بەکاردەهێنرێن دەتوانرێت وەک دەستکاریکردنی توخمەکان یان وردەکارییەکان بۆ پشتگیریکردن لە ستراتیژییەکە سەیر بکرێن. ئەو یەکە بیناسازیانەی کە لە بینایەکدا هەن ڕەنگدانەوەی جۆری بەکارهێنان و تایبەتمەندی بیناکان دەردەخەن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە ئەم توخمانەن کە شوێنێک لە شوێنێکی تر جیا دەکەنەوە یان جیاوازی درووست دەکەن. یەکە بیناسازیەکان لە هەر بینایەکدا تایبەتمەندیەکی تایبەت دەبەخشن بە بیناکە، ئەوان کوالیتی بینایەک پێناسە دەکەن لەگەڵ جێگیرکردنی تایبەتمەندیەکانی بینایەک(Stone, 2005: 132). وەک ئەوەی ماتیۆ ڕۆبیگلیۆ (Matteo Robiglio) ئاماژەی پێدەدات، پرۆسەی بەکارهێنانەوە و گونجاندن هونەرێکی تاکتیکییە کە شوێنە چۆڵکراوەکان داگیر دەکات و سودیان لێوردەگیرێت بۆ بەکارهێنانی نوێ(Robiglio, 2016: 17).

یەکە بیناسازیەکان کوالێتی بیناکان پیشان دەدەن لەوەی کە چۆن دەردەکەون. ئەمە شێوازێکە بۆ ڕێکخستنەوەی یەکەکان و پاڵپشتیکردنی ستراتیژیەتی دووبارە داڕشتنەوە. ئەوانە دەریدەخەن کە ئێمە چۆن بیناکە بەکاردەهینین و چۆن کاراکتەرێکی تایبەت و جیاواز بە هەر بۆشاییەک دەدەین. ڕەچاوکردنی تاکتیکەکان وەک وردەکاریەک دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ خوێندنەوەی بیناکە و تێگەیشتن لە شێوازی گۆڕانکارییەکان(Amiri, 2020: 43). یەکە بیناسازیەکان گوزارشت لە سیفەتە ڕاستەقینەکانی بینایەک دەکەن. هەڵبژاردنی وردەکاریەکان و پلان یان دیزاین تایبەتمەندی خۆی بە بیناکە دەبەخشێت. ئەو تاکتیکانەی کە لە نۆژەنکردنەوەی بینایەکدا بەکاردەهێنرێن دەتوانرێت وەک

ئەو توخمانە یان وردەکارییانە سەیر بکرێت کە پشتگیری لە ستراتیژی گشتی دەکەن(Gewirtzman, 2016: 3). بە بۆچوونی بروکەر و ستۆن تاکتیکەکان یارمەتیمان دەدەن بۆ باشترکردنی پێشنیارەکانی دیزاین هەم لە ڕووی جوانی و هەم لە ڕووی بۆشاییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تاکتیکانە هەریەکەیان بەشێوەیەکی تایبەت جەخت دەکاتەوە لەسەر بەکارهێنانی توخمێکی دیاریکراو و پەیوەندی لەگەڵ تەواوی بیناکە. لەگەڵ ستراتیژیەکان، ئەوان شەش جۆر یەکەی بیناسازی وەسف دەکەن: ڕووتەخت (Plane) یاخوود (ارضية)، تەن یاخوود مادده (Object)، ڕووناکی (Light)، ڕوو یاخوود ڕووکار (Surface)، کرانەوەکان (Openings) لەگەڵ جوڵە (Movement). ئەم تاکتیکانە تایبەتمەندی تایبەت بە بینای بەکارهێنراوە دەبەخشن(Matos, 2018: 16).

١- ڕووتەخت (Plane): مەبەست لە ڕووتەخت بریتیە لە زەوی ناو خانووەکە کە بەشەکانی لەسەر بیناد دەنرێت. بە واتیەکی تر پێناسەی بۆشایی دەکات و مانا بە هەر بەشێک دەدات کە لەسەری درووست دەکرێت. ڕووتەختەکان پێکدێن لە هەردوو بەشی ئاسۆیی و ستوونی، هەردووک پێکەوە بۆشاییەکان جیادەکەنەوە و ناسنامەیان بۆ درووست دەکەن. ڕووتەختە جیاوزەکان دەتوانن کۆنترۆڵی سنوورە بیناراو و بەرجەستەکانی بۆشایی بکەن بە جیاکردنەوەی بۆشاییەکان(Kalmuk, et al., 2019: 459). برووکەر و ستۆن، دیوار، ئەرزیە و سەقفەکان وەک توخمە دیارەکانی بۆشایی دەناسێن، ئەمانەش دەکرێت نوێ یان ڕەسەن، هەمیشەیی یان کاتی بن(Matos, 2018: 16).

٢- مادده (Object): هەندێک نموونەی شتەکان بریتین لە کەلوپەلی ناوماڵ، پەیکەر یان هەر پێویستیەکی دیکە کە لە ناو ماڵ دادەنرێت. شتەکان دەتوانن مانادار بن و ئەو بۆشاییە بەهێز بکەن کە داگیریان دەکەن. دەتوانرێت شتەکان بە مەبەست لەگەڵ ماناکان لە بۆشاییدا دابنرێن(Amiri, 2020: 49). شتەکان دەتوانن لە قەبارەدا جۆراوجۆرییان هەبێت. دەتوانێت یەک شت یان ژمارەیەک پارچە بێت. هەموو ئەمانە دەتوانن دەسکاری بۆشایی، جووڵە و ئاراستەی بیناراو بکەن(Gewirtzman, D. 2016: 3).

٣- ڕووناکی (Light): ڕووناکی خزمەت بە کۆنترۆڵکردنی جوڵەی ڕاستەوخۆی فەزا دەدات، هەروەها کار لەسەر تێگەییشتن یان گۆڕینی تێڕوانین بۆ شتەکان دەکات و لە کۆتاییدا کاریگەری لەسەر ئەزموونی گشتی بیناکە هەیە(Matos, L.C.M., 2018: 17). بە بۆچوونی ستۆن (Ston) شێوازی جیگیرکردنی ڕووناکی و کاریگەری هەردوو ڕووناکی سروشتی و دەستکرد دەتوانێت بینایەک بە شێوەیەکی ڕیشەیی بگۆڕێت( Stone, 2005: 133). ڕووناکی چ سروشتی و چ دەستکرد یەکێکە لە توخمە کاریگەرەکان لەسەر ناسنامە و سیمای فەزایەک( Kalmuk, et al., 2019: 459). دەتوانین بڵێین کە ڕووناکی ئەو هێزە کاریگەرەیە توانای کۆنترۆڵکردنی بۆشایی و شێوەی دەرکەوتنی ماددەکان هەیە.

٤- ڕوو یاخوود ڕووکار (Surface): ڕووکار زۆرترین بەرکەوتنی لەگەڵ مرۆڤ و بینادا هەیە. کەرەستەکان دەتوانن سیمای بیناسازی نیشان بدەن و هەر کەرەستەیەک کوالیتی پێکهاتەی جیاوازی هەیە. شێوازی بەکارهێنانی مادده دەتوانێت کەش و هەوایەکی جیاواز دروست بکات. یاخوود بە شێوەیەکی تر، ڕووکار ئەو توخمە هەستیارەیە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان بەرکەوتنی مرۆڤ و بیناکەدا دادەمەزرێنێت، بە بەکارهێنانی کەرەستە(Gewirtzman, 2016: 3).

٥- کرانەوەکان (Openings): کرانەوەکانی وەک دەرگا و پەنجەرە لەگەڵ بۆشاییەکان، خاڵی سەرەکین لە پێکهاتەی بینایەکدا. دیدگا دروست دەکەن، ئاراستەکان دیاری دەکەن و پەیوەندی لە نێوان بۆشاییەکان درووست دەکەن(Matos, 2018: 31). کرانەوەکان کارلێکی نێوان فەزای ناوەوە و دەرەوە کۆنترۆڵ دەکەن، کاریگەرییان لەسەر ڕووناکی و هەواگۆڕکێ و پەیوەندی بەشەکان دەبێت.

٦- جوڵە (Movement): سیستەمی جووڵە لە هەر بینایەکدا ڕێنمایی پێویست دەدات بە مرۆڤەکان و ئاراستەکان دیاری دەکات، ئەمەش کاریگەری لەسەر بەکارهێنان و دەستڕاگەیشتن بە بەشەکان دەبێت. جوڵە چوونەژوورەوە لەناو بینایەک دابین دەکات و لە هەمان کاتدا بۆشایی جیا یان جیاواز بەیەکەوە دەبەستێتەوە. جووڵە لەناو بینادا دەتوانرێت بە چەندین شێوازی جیاواز دابین بکرێت. جوڵە دەتوانێت گەیشتن بە بۆشایی و ناوچەکانی تری بیناکە دابین بکات، لە هەمانکاتدا توانای ئەوەیان هەیە مانا ببخشنە بۆشایی(Amiri, 2020: 49).

### ٤. کەیس ستادی

دەتوانرێت لە ژێر ڕۆشنایی (کەلەپور، ڕەسەنایەتی، میرات و میوانداری) سوود لە ئەزموونە لە پێشینەکان وەربگرین لە نۆژەنکردنەوە و بەکارهێنانەوەی خانووە کەلەپوورییەکانی کوردستان. لێرەوە وەک سەرەتایەک باس لە ئەزموونی تاقیکراوەی یەک لەو خانووە کەلەپوورییانە دەکەین کە بەکارهێنراوەتەوە بۆ مەبەستی جیاواز لەوەی کە پێشتر بۆی بنیادنراوە. جێماوە مێژووییەکان ڕێگەت پێدەدات ئەزموونێکی جیاواز تاق بکەیتەوە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت، چونکە هەر یەکێک لەم خانووە کەلەپووریانە لە نێو دیوارەکانیاندا چیرۆکی ئیلهام بەخش لەخۆ دەگرن بۆ گێڕانەوە، کە لە ڕێگەی ئەوەوە گەشتیارانمان فێری مێژوو و کەلتوور و کەلەپووری ئێمە دەبن. مێتۆدی بەکارهێنانەوە و گونجاندن شێوازێکی بێهاوتایە کە لە ڕێگەی پێشوازیکردن و بەستنەوەیان بە شوێنەکەوە دەتوانرێت ئەزموونی میوانداریی ڕەسەنی کوردی تێدا بکەن. لە خوارەوە باس لە نموونەی بەکارهێنانەوەی خانوویەکی کەلەپووری دەکەین لە شاری کرماشان لە وڵاتی ئێران، کە وەک هۆتێلی نەریتی بەکارهێنراوەتەوە. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم نموونەیە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار، یەکەم؛ بۆ نزیکی خانووەکە لە خانووە کەلەپوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕووی پێکهاتە، پلان و کەرستەکانی بیناسازی، دووەم؛ سەرەڕای گۆڕینی بەکارهێنانی چەندین خانوو بۆ مەبەستی جیاواز لە هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی جیاوازی وەک، پێشانگای ڕستن و چنینی کوردەواری لە سەر قەڵای هەولێر، کافتریا و مۆزەخانە ماڵی سۆفی کەریمی سەراج لە سلێمانی و چەندان نموونەی تر، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە سوود لەو خانووە مێژوویی و کەلەپووریانە وەربگیرێت وەک

هۆتێلێکی گەشتیاری کەلەپووری. هەر لەبەر ئەوەش لەم توێژینەوەیە ئاماژە بە نموونەیەکی سەرکەوتوو لە بەکارهێنانەوەی خانوویەکی کەلەپووری سەردەمی قاجارییە لە ئێران ئەکەین کە بۆ هۆتیلێکی کەلەپووری گەشتیاری گۆڕدراوە.

**خانووی صارم الدوله (خانه زرشکیان)**

| | |
|---|---|
| شوێن | کرماشان، پارێزگای کرماشان، ئێران |
| سەردەم | قاجار (قاجاریە) |
| ڕووبەر | ٤٣٥م چوارگۆشە |
| بەکارهێنانی ڕەسەن | خانووی نیشتەجێبوون |
| بەکارهێنانی ئێستا | هۆتێلی بوتیک(Boutique Hotel)[1] |
| سەرچاوەی دارایی | وەبەرهێنی تایبەت |

ئەم خانووە یەکێکە لە باڵەخانە مێژوویە گرانبەهاکانی پارێزگای کرماشان کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی قاجار. ئەم بینایە لە ژێر ئیدارەی سندووقی گەشەپێدان و بوژانەوە و بە بەشداریی کەرتی تایبەت نۆژەن کراوەتەوە و وەک هوتێلێکی بوتیک خزمەت بە ژێرخانی گەشتیاریی پارێزگای کرماشان دەکات(URL: 1). لە ڕووی پێکهاتەو کەرستەوە، خانووەکە تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی خانووە کەلەپووریەکانی شاری هەولێرە . ئەم خانووە لە دوو نهۆم پیکهاتووە، دیوارەکانی لە کەرپوچ، سەقفی لە دار و سەربانی لە (کا گڵ[2]) درووستکراوە (چالشگر و دیگران، ٢٠٢٣: ١٤٢).



وێنەی خانووی صارم الدوله (خانه زرشکیان) پێش بەکارهێنانەوەی وەک هۆتێلێکی کەلەپووری. سەرچاوە (URL: 2)

ئەم بینایە و باڵەخانەکانی دیکەی پارێزگای کرماشان میراتی مێژووین کە بەشێکیان وەک شوێنەواری نەتەوەیی تۆمار کراون و پێگەی نەتەوەیی و مێژووییان هەیە. بە پێی وتەی بەرپرسی ئیدارەی گشتی شوێنەوار و گەشتوگوزاری پارێزگای کرماشان کە لە سایتی (ایسنا) بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت؛ "بینای ڕەسەنی صارم الدوله، ناوەوەی زۆر گەورە و چەند حەوشەیەک لەخۆ دەگرێت و ئەو ژوورانەی تابلۆ و کەرەستەی تایبەتی ئەم باڵەخانەیە تێدایە بە شێوەیەکی سەرەکی لە خشت دروستکراون و سەقفەکانیش بە کاریتەی دار داپۆشراون. لە درێژەی وتەکانیدا باس لەوە دەکات کە، ئەم بینایە دەکەوێتە ناو پێکهاتە کۆنەکەی شاری کرماشان لە کۆڵانێکی بە هەمان ناو هەڵکەوتووە، لە تەنیشتیەوە بینای مێژوویی وەک حەمامی نیزام، مزگەوتی نیزام، ماڵی هەمەدانی، تەکیەی بیگلار بەیگی و...هتد هەیە. ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە ئەم خانووە و شوێنەکەی پێگەیەکی گرنگیان هەبووە لە کرماشانی کۆن" (URL: 3).

[1] هۆتێلی بوتیک بە شێوەیەکی گشتی هۆتێلێکی بچووک و شیکە کە ئەزموونێکی ناوازە پێشکەش دەکات، زۆرجار بە گرنگیدان بە خزمەتگوزاری کەسی و دیزاینێکی جیاواز و تامێکی ناوخۆیی. بەزۆری ژووری کەمتریان هەیە لە چاو هۆتێلە گەورەکان، ئەمەش ڕێگە بە کەشێکی قوڵتر دەدات. زۆرجار هۆتێلە بوتیکەکان جەخت لەسەر جوانکاری دەکەنەوە، هونەری ناوخۆیی و بیناسازی ڕەسەنی ناوچەیی پیشان دەدەن.

[2] کا گڵ: بریتیە لە تێکەڵەیەکی لە قوڕوو کا، بەمەبەستی داپۆشینی سەربان دێت. ئامانج لەو تێکەڵکردنە بریتیە لە درووستکردنی تیکەڵەیەکی بەهێز کە بەرگەی باران بارین بگریت و بیپارێزێت لە شۆردنەوەی لە بارانی بەهێز.





(ا) وینەی حەوشەی خانووەکە پێش نۆژەنکردنەوەی        (ب) وێنەی حەوشەکە پاش نۆژەنکردنەوە. (سەرچاوە. URL: 2)

ئەم هۆتێلە بە سێیەم بۆتیک هۆتێل دادەنرێت لە کرماشان، کە لە ١٢ ژوور پێکدێت و ٢٨ تەختە خەو لەخۆدەگرێت. خاوەنی ماڵی مێژوویی صارم الدولە ڕایگەیاندووە کە لە دامەزراندنی ئەم ناوەندی حەوانەوە و میوانداریە گرنگییەکی تایبەت بە مێژووی ئەدەبی شاری کرماشان دراوە و وتی: "هەریەک لە ژوورەکانی ئەم هۆتێلە بوتیکە بە ناوی یەکێک لە نووسەرانی گەورەی کرماشان وەکوو پارتۆ کرماشانی، ڕەشید یاسمی و جلال الدین کزازیەوە ناونراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەشێک لە ژیاننامەی هەریەکێک لەو نووسەرانە و کتێبەکانیان لە ناو ژوورەکان خراونەتە بەردەستی گەشتیاران و هەوڵی ناساندنیش دەدەین وەک هۆتێلێکی مۆزەخانەی ئەدەبیات" (URL: 4).







وێنەی ژوورەکن دوای نۆژەنکردنەوە و بەکارهێنانەوەی وەک هۆتێل بۆتیکی گەشتیاری. (سەرچاوە. URL: 2)

ئەم خانووە لە ئێستادا وەک هۆتێلێکی مێژوویی کەلەپووری کراوەتەوە بە ناوی (بوتیک هتل ونوشک صارم الدولە). بە وتەی لەیلا بابا احمدی، کە لە ڕاپۆرتێکیدا ئاماژەی پێداوە لە سایتی (سفربازی)، هەموو بەشە مێژووییەکانی بیناکە وەک خۆیان ماونەتەوە و پارێزگاریان لێکراوە. پێکهاتەی تەواوی ژوورەکان جیاوازە و هەریەکەیان خاوەن وێنەیەکی تایبەتە. سەقفی یەکێک لە ژوورەکان بە یەک پارچە وینە کراوە و دەتوانین بڵێین یەکێک لە دەگمەنترین کۆکراوەی تابلۆکانی سەردەمی قاجار لەخۆ دەگرێت کە وێنەی زۆر جوانی گوڵ و دەوەن و فریشتەی تێدایە کە سەقفەکەی ڕازاندۆتەوە. سەرەڕای ئەو جوانییەی کە لە ناوەوە هەیەتی، لە ناوەڕاستی خانووەکە حەوشەیەک هەیە لە ناوەڕاستیدا حەوزێک هەیە لە چواردەوری غورفەکان و بەشەکانی بیناکە دابەش کراون (انصاری & حیدری، ٢٠١٨: ٢١).





(ا) وێنەی یەک لە ژوورە نەخشێندراوەکان پێش نۆژەنکردنەوە  (ب) وێنەی هەمان ژوور دوای نۆژەنکردنەوە. (سەرچاوە. URL: 2)

ئەوەی کە گرنگە لێرەدا، لە پرۆژەی بەکارهێنانەوە و گونجاندنی ئەم خانووە مێژووییە کە تەمەنی بە نزیکەیی ٢٠٠ ساڵ دەبێت، سەردانیکەرانی ئەم بوتیک هۆتیلە لە کاتی مانەوەیان دەتوانن چێژ لە خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکانی ئەم خانووە وەربگرن وەک هۆتێلی گەلەری قاجار، وینەی سەر دیوارەکان، پیشە دەستیەکان و تابلۆ مێژووییەکان لەگەڵ ناسینی کەسایەتییە دیارەکانی کرماشان (URL: 5).



وێنەی ناوەوەی هۆتێلەکە پاش کردنەوەی بە ڕووی سەردانیکەرندا. (سەرچاوە. URL: 2)

## دەرەنجام

لە کۆتاییدا ئەتوانرێت ئەوە بوترێت، دارشتنەوەی بینا مێژوویی و کەلەپوورییەکان بە مەبەستی بەکەرهێنانەوە و گونجاندنیان لەگەڵ داخوازییەکانی سەردەم، پاڵپشت بە بنەما و ڕێبازەکانی دوبارە داڕشتنەوە، بەکارهێنانەوە و گونجاندن ، چیتر وەک ڕێبازێکی سەخت و نەخوازراو سەیر ناکرێت بەڵکو چووەتە ناوەندی گەشەپێدانی ژینگەی بیناکراو. ڕەوتی پاراستن و داڕشتنەوەی بینا مێژوویی و کەلەپوورییەکان لەم دواییانەدا زیادی کردووە بەهۆی ئەو بەها و گرنگییە مێژوویی و کەلەپوریانەی کە هەڵیانگرتووە لە پێکهاتەکانیاندا کە وەک ناسنامەیەک دەبینرێن لەسەر ئاستی جیهانی. ئەگەر بێت و ئەم جێماوانە بە شێوەیەکی دروست مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، سوودی زۆر بە کۆمەڵگا دەگەیەنن. لە هەمانکاتدا، بینا کەلەپووریەکان هەڵگری بەهای کۆمەڵایتی، مێژوویی، ئیستاتیکی، ڕۆحی، هونەری، سروشتی، کەلەپوری و زانستین. ئەگەر بێت و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت و دەستنیشانی ئەو بەهایانە بکرێت کە لە هەر بینایەکدا هەیە، یارمەتیدەر ئەبێت لە هەڵبژاردنی بڕیاری دروست لە جۆری ئەو دەستێوەردانانەی کە پێویستە بکرێت بۆ پاراستن و درێژکردنەوەی تەمەنی بینا مێژوویی و کەلەپوورییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، بینا کەلەپوورییەکان ڕوبەڕووی کۆمەڵێک لە هەڕەشە و لاوازبوونی توانا فیزیکییەکان دەبنەوە کە کار دەکاتە سەر کورتکردنەوەی تەمەنی چاوەڕوانکراوی پێکهاتەکە، ئەمەش بەهۆی خراپی بەڕێوەبردن، نەبوونی پلان، گۆڕانکارییە ئابورییە جیهانییەکان، شێوازەکانی بیناسازی هاوچەرخ، گەشتیاری بێسنوور لە شوێنەکان، کاریگەریەکانی شەڕ و ئاڵۆزیە چەکداریەکان. هەرلەبەر ئەوەش بەشێکی زۆری ئەو بینا مێژوویی و کەلەپوورییانە بە ئاراستەی پێویستبوون بە نۆژەنکردنەوە و پارستن دەڕۆن لە پرۆسەی درێژکردنەوەی تەمەنی سروشتی و کەلەپوری. پلەی دەستێوەردان لە پاراستن و نۆژەنکردنەوەی بیناکان پەیوەستە بە دەستنیشانکردنی بارودۆخی بیناکان لەگەڵ کەمترین بڕی دەستێوەردان کە هەمیشە باشترین بژاردەیە لە پرۆسەی پاراستن و خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو ئەرکە نوێیەی کە پێشنیار دەکرێت بۆ بینا مێژوویی و کەلەپوریەکان.

## ليستی سەرچاوەكان:


1. Amiri, E., 2020. *Methods to read adaptive reuse strategies and capacities in industrial buildings* (Doctoral dissertation, Politecnico di Torino).
2. Camilleri, M.A., Sheehy, B. and Fraser, K., 2023. Circular economy. In *Encyclopedia of Sustainable Management* (pp. 545-548). Cham: Springer International Publishing.
3. Canaran, Cansu., 2009. "An integrated framework for sustaining industrial beings in the urban context." Phd thesis, The Graduate School Of Natural And Applied Sciences Of Middle East Technical University.
4. Chandrakar, S., Singh, S., 2022 "Adaptive Reuse Of Heritage Building" International Journal of Creative Research Thoughts – IJCRT, Volume 10 | Issue 5.
5. Cordan, Ö., 2019. adaptive reuse in interior architecture: a conceptual and theoretical framework. *Livenarch VI*, p.452.
6. Cramer, J. and Breitling, S., 2012. Architecture in existing fabric: Planning, design, building . Walter De Gruyter.
7. Cullinane, J.J., 2012. *Maintaining and repairing old and historic buildings*. John Wiley & Sons. https://books.google.iq/books
8. Declaration, L., 2018, November. Adaptive re-use of the built heritage: Preserving and enhancing the values of our built heritage for future generations. In *13th Trilateral Governmental Conference on the Protection of the Wadden Sea*.
9. Department of Environment and Heritage., 2004. "Adaptive reuse". Commonwealth of Australia, Canberra, Australia.
10. Feilden, B., 2007. *Conservation of historic buildings*. Routledge.
11. Fisher-Gewirtzman, D., 2016. Adaptive reuse architecture documentation and analysis. *Journal of Architectural Engineering Technology*, 5(3), pp.1-8.
12. Hasnain, H. and Mohseni, F., 2018, March. Creative ideation and adaptive reuse: a solution to sustainable urban heritage conservation. In IOP conference series: earth and environmental science (Vol. 126, No. 1, p. 012075). IOP Publishing.
13. Hussein, F., 2019. Design criteria for Adaptive reuse of heritage buildings to achieve The principle of sustainability (Al Ghouri Group Case Study). **مجلة العمارة و الفنون و العلوم الإنسانية, 4**(14), pp.312-335.
14. ICOMOS, N.Z., 2010. ICOMOS New Zealand Charter for the Conservation of Places of Cultural Heritage Value. *ICOMOS: Auckland*, New Zealand.
15. Jäger, F.P. ed., 2012. Old & new: *design manual for revitalizing existing buildings*. Walter de Gruyter.
16. Jasim, S.A. and Ismaeel, E.H., 2023. The Most Appropriate Reuse of Historic Buildings. *International Journal of Sustainable Development & Planning*, 18(6).
17. Kalmuk, D., Aktürk, E., Duman, Ş. And Beşgen, A., 2019. an architect on the move-an architecture on the stage: Re-Reading Bruno Taut. *Livenarch Vi*, P.15.
18. Langston, C., Wong, F.K., Hui, E.C. and Shen, L.Y., 2008. Strategic assessment of building adaptive reuse opportunities in Hong Kong. *Building and environment*, *43*(10), pp.1709-1718.
19. Latham, D., 2016. *Creative reuse of buildings*: Volume one. Routledge.
20. Li, Y., Zhao, L., Huang, J. and Law, A., 2021. Research frameworks, methodologies, and assessment methods concerning the adaptive reuse of architectural heritage: A review. *Built Heritage*, 5, pp.1-19.
21. Matos, L.C.M., 2018. *Adaptive hospitality: Identifying design strategies in the adaptive reuse of historic buildings as boutique hotels*. The University of North Carolina at Greensboro.
22. Pendlebury, J., 2008. *Conservation in the Age of Consensus*. Routledge. https://books.google.iq/books
23. Plevoets, B. and Van Cleempoel, K., 2013. Adaptive reuse as an emerging discipline: an historic survey. Reinventing architecture and interiors: a socio-political view on building adaptation, pp.13-32.
24. Robiglio, Matteo. 2016. "The Approach of Adaptive Reuse." *The Adaptive Reuse Toolkit: How Cities Can Turn Their Industrial Legacy into Infrastructure for Innovation and Growth*. German Marshall Fund of the United States. http://www.jstor.org/stable/resrep19022.6
25. Schroeder, R., 2017. Planforce Architecture and Design. https://planforcegroup.com/blog/the-6-traits-of-successful-adaptive-reuse-projects . Retrieved July 15, 2024.
26. Shahi, S., Beesley, P. and Haas, C.T., 2023. Creating space and time for innovation-a methodology for building adaptation design appraisal using physics-based simulation tools and interactive multi-objective optimization. *Engineering, Construction and Architectural Management*, *30*(3), pp.1098-1121.
27. Shin, Y.J., 2024. The adaptive reuse design strategies–focused on the case of the Tate Modern architectural competition. *Journal of Asian Architecture and Building Engineering*, pp.1-16.
28. Stone, S., 2005. Re-readings: the design principles of remodelling existing buildings. *WIT Transactions on The Built Environment*, 83.
29. Stone, S., 2023. Notes towards a definition of Adaptive Reuse. *Architecture*, *3*(3), pp.477-489.
30. UNESCO, W., 2013. New life for historic cities: The historic urban landscape approach explained. *United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization (UNESCO)*.
31. Vafaie, F., Remøy, H. and Gruis, V., 2023. Adaptive reuse of heritage buildings; a systematic literature review of success factors. *Habitat International*, 142, p.102926.
32. Yildiz, G. and GUCHAN, N.S., 2018. An Industrial Heritage Case Study in Ayvalik: Ertem Olive Oil Factory. Journal of Contemporary Urban Affairs, 2(3), pp.20-30. https://doi.org/10.25034/ijcua.2018.4715
33. Zakıeh, L., 2022. *Adaptive Reuse as a Strategy for Conserving the Industrial Heritage Buildings* (Master's thesis, Fatih Sultan Mehmet Vakıf Üniversitesi, Lisansüstü Eğitim Enstitüsü).

1. چالشگر، پگاه، مژگان خاکپور، و علی اصغرزاده. "تحلیل تاثیرات توسعه معماری سنتی و غرب در تزئینات معماری خانه‌های قاجاری، مورد مطالعاتی: شهرکرمانشاه در منطقه غرب ایران." نشریه *معماری و شهرسازی آرمان شهر*، ژ ١٦ (٤٩)، (٢٠٢٣) لا، ١٤٢.
2. حمیدرضا انصاری و عرفان حیدری. "تاملی بر تاثیرات تطور فرهنگ و جامعه ایران در میانه عصر قاجار بر دیوارنگاری (به گواه دیوارنگاره های عمارت صارم الدوله کرمانشاه)." هنرهای تجسمی (هنرهای زیبا) ژ. ١، (٢٣)، (٢٠١٨)

1. **(URL: 1) بوتیک هتل صارم‌الدوله کرمانشاه افتتاح می‌شود - پایگاه اطلاع رسانی صابتا | اخبار بناهای تاریخی | پایگاه اطلاع رسانی صابتا | اخبار بناهای تاریخی(saabta.ir)** 06 October, 2024
2. (URL: 2) https://www.eghamat24.com/KermanshahHotels/SaremoddolehVanoshkHotel.html 10 May, 2025
3. (URL: 3) All about the historical house of "Sarem al-Dawla" in Kermanshah - ISNA 06 October, 2024
4. (URL: 4) خانه "صارم‌الدوله" کرمانشاه بوتیک هتل شد - ایسنا (isna.ir) 31 January, 2024
5. (URL: 5) https://www.safarbazi.com/mag/saremal-dawlah-cousin-kardan-naseruddinshah/(URL: ٢١ اسفند ١٤٠٢

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.025-01-01-SC- 18

# Strategic approaches to the reuse and redesign of cultural buildings (By maintaining a balance between the old and the new)

**Mohammed Hamagharib Mohammed [1], Aras Ismail Khader [2], Hawkar Ahmed Abdulrahman[3]**

1 -Department of Archaeology, College of Arts, Salahaddin University, Kurdistan Region-Iraq
2 -Bayan University, Presidency, Kurdistan Region-Iraq
3 -Department of Archaeology, College of Arts, Salahaddin University, Kurdistan Region-Iraq

| Article Info | |
|---|---|
| Received | **April 2025** |
| Accepted | **May 2025** |
| Published: | **August 2025** |

**Keywords**

**Reuse and adaptation, restructuring, heritage buildings, sustainability, conservation**

**Corresponding Author**

muhammad.muhammad@su.edu.krd

**abstract**

Redesigning and reusing cultural buildings has become an important strategy in the sustainable preservation of traditional buildings, which aims to strike a balance between modernizing buildings to meet contemporary needs while preserving and respecting historical and cultural values. This paper investigates strategic approaches to reuse and redesign cultural buildings, ensuring their survival and sustainability while preserving their historical and cultural significance. By combining different approaches to conservation, reuse and adaptation it not only reduces environmental impacts by reducing construction waste and conserves resources, but also revitalizes communities by giving new life to historic structures. Based on the sense of importance of monuments and culture as a national identity, especially cultural houses, the study focuses on reuse and adaptation strategies as a way to continue using cultural houses.